لی دووەم

تيسير الرحمن

لە زانستی جوان خوێندنەوەی قورئان


القرآن الكريم

نوسین وئامادەکردنی

توفیق صدیق حمد

مۆڵەت پێدراو لە قیرائەتی ئیمام(عاصم) بەهەردو

ریوایەتی (شعبة) و (حفص)



ناوی کتێب: (تیسیر الرحمن) لە زانستی جوان خوێندنەوەی قورئان

نووسین و ئامادەکردنی : توفیق صدیق حمد

دیزاین: هێمن برهان

چاپی یەکەم ٢٠١٤ - ١٤٣٥

ژماری لاپەرە : ١٤٨ لاپەڕە

لەبەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان

ژمارە سپاردنی (٦٧٥)ی ساڵی ٢٠١٤ی پێدراوە

بسم الله الرحمن الرحيم

(وَرَتِّلِ ٱلْقُرْءَانَ تَرْتِيلًا)

المزمل: ٤

بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

پێشەکی

﴿ ٱلۡحَمۡدُ لِلَّهِ ٱلَّذِيٓ أَنزَلَ عَلَىٰ عَبۡدِهِ ٱلۡكِتَٰبَ وَلَمۡ يَجۡعَل لَّهُۥ عِوَجَا ﴾ الكهف : ١

والصلاة والسلام على رسول الله (ﷺ) وعلى اله وأصحابه ومن تبعهم بإحسان إلى يوم الدين، أمّا بعد:

سوپاس بۆ ئەو خودایەی کە قورئانی پیرۆزی بۆ سەر بەندەی خۆی محمد (ﷺ) ناردە خوارەوە.

وە هیچ جۆرە لاری و چەوتی یەکی دانەناوە بۆ قورئانی پیرۆز ، بەڵکو جێگیر و راست و دروستە ، سڵاو لەسەر پێغەمبەر (ﷺ) و یاوەران و بنەماڵە و شوێن کەوتووانی ئەوانەی بە ڕاستی پەیرەویان لێ کردو لێی دەکەن تا رۆژی دوایی ، پاشان هەموو سوپاس و ستایش وسوپاس گوزاری هەر بۆ خوای پەروەردگارە ، لە سەر دۆزینەوەی رێی راستی و هیدایەت بۆ کارکردن وخزمەت کردنی زانستی جوان خوێندنەوەی قوڕئانی پیرۆز ، هەروەك پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێ : (خيركُم مَنْ تعلّمَ القُرآنَ وَعلّمه) رواه البخاري.

واتە : چاکترین و باشترینتان ئەو کەسانەن کە قورئان فێر دەبن وەخەڵکانی تریش فێر دەکەن.

به پێی ئەم فەرمودەیە گشت مامۆستایان و فێرخوازانی بەڕێز دەگرێتەوە کە لەماوەی ژیانیان بە دڵسۆزی دەنگ و قوڕگی خۆیان بە کارهێناوە بۆ فێربوون و فێرکردنی خەڵکانی تر ، کە پێغەمبەر (ﷺ) ناوی ئەو جۆرە کەسانە بە باشترینی مرۆڤەکان ناودەبات ، وە پلەو پاداشتی (زانا) بە قورئانی پیرۆز وە ئەوەی قورئان بە پچڕ پچڕ دەخوێنێتەوە لەبەر قورسی لەسەر زمانی پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێ : (کەسی زانا بە قورئانی پیرۆز لەگەڵ فریشتە پاك و بەرزەکانن ، وە ئەوەشی بە پچڕ پچڕی و قوڕسی دەیخوێنێتەوە و لە سەریشی قوڕسە ئەوا دوو پاداشتی هەیە) خۆش بەختی بۆ ئەوکەسەیە کە بە دڵسۆزی کارەکان دەکات بۆ خوای پەروەردگار،وە خوای گــەورە دەفەرمــویّ:

﴿أَلَا لِلَّهِ ٱلدِّينُ ٱلۡخَالِصُ﴾ الزمر:٣

واتە : هۆشیار و ئاگادار بن ئەی خەڵکینە پەرستن بە پوختی و پاکی هەر بۆ خوای پەروەردگار دەبێت.

جا خوێنەرە بەرێز و خۆشەویستەکان ئەم پەرتووکەی لە بەردەستتان دایە لە دوو بڕگە وبەشی سەرەکی پێك هاتووە ، یەکەمیان دەرچەی پیتەکان ، دووەمیان سیفەتی پیتەکان (المخارج و الصفات) ، لەگەڵ چەند تێبینی و روونکردنەوەیەك کە پێویستە فێرخواز وریا بێت لەم جۆرە هەڵانە کەبە شێوازێکی ئاسان باسمان کردووە ، بۆ ئەوەی فێرخواز زیاتر گرنگی ئەو زانستەی بۆ ئاشکرا بێ کە دەیخوێنێت لە چۆنیەتی دەربڕینی ووشە و پیتەکانی قورئانی پیرۆز بە دەربڕینێکی راست و رەوان ، وەك چۆن پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەری بڕیوە.

وە هێنانەوەی نموونە لە قورئانی پیرۆز بۆ هەر پیتێك لە پیتەکانی زمانی عەرەبی بۆ کردار و جێ بە جێ کردن (عملي) کە پێویستە فێرخواز شوێنی دەرچوونی پیتەکان و سیفەتەکانیان بزانێت و دەری ببڕێت و بێ ئەوەی زیادەڕۆیی و ستەم لە پیتەکان بکات و قورسایی و ناخۆشی لە سەر خوێندنەوەکە دروست بکات ، وە رەنگ کردنی بابەتەکان بۆ لێك جیاکردنەوەیان بۆ ئەوەی بەرچاوی خوێنەر روون بێت لە تێگەیشتن وە دانانی خشتەکان بۆ ئاسان کردن و زووتر وەرگرتنی بابەتەکان ، ئەم کارانە هەموو بۆ خزمەتکردنی مامۆستاو فێرخواز و (زانستخواز)ی خۆشەویستە.

لە کۆتایی دا داواکارین لە خوای پەروەردگار کۆتـــا ساتەکانی ژیانمان بەخێر بگێرێت و لە گوناه و تاوانی دایك و باوك و مامۆستاکانمان و گشت مسوڵمانان خۆش بێت (اللهم آمين)

﴿ رَبَّنَا ٱغْفِرْ لَنَا وَلِإِخْوَٰنِنَا ٱلَّذِينَ سَبَقُونَا بِٱلْإِيمَٰنِ
وَلَا تَجْعَلْ فِى قُلُوبِنَا غِلًّا لِّلَّذِينَ ءَامَنُوا۟
رَبَّنَآ إِنَّكَ رَءُوفٌ رَّحِيمٌ ﴾

الحشر: ١٠

توفيق صديق حمد
ئەیلول ١٩ / ٩ / ٢٠١٤ م
ذو القعدة ٢٤ / ١١ / ١٤٣٥ ك
هەولێر

دەستپێك

هەموو زانستێك بەر لە چوونە ناوی یەوە چەند بنەماو پێشەكی یەكی هەیە ، زانایان بە دە بنەما دەیژمێرن پێویستە فێرخوازان ئاشنایی لەگەڵ ئەو زانستە دروست بكەن تا زیاتر گرنگی ئەو زانستەیان بۆ ئاشكرا بێت كە دەیخوێنن ، هەندیَ لە توێژەروان لە زانستی (تەجوید) تەنها هەندێكی باس دەكەن نەك گشتی ، بەلاَم ئەوەی هەموو خاڵەكان بزانێت ئەوا شەرەفی زانست و زانین وەردەگرێت.

ئێمەش لێرەدا ئەو دە بنەمایە بە كورتی باس دەكەین :-

یەكەم : پێناسە (التعریف) :

(تەجوید) لە رووی زمانەوانی یەوە: واتە: چاك كردن.

لە رووی زاراوەییەوە : زانستێكە مەبەست تێیدا هەموو پیتێك ماف[1] و شایستەكانی[2] لە چۆنیەتی دەرچوون و سیفەتی پیتەكان و وەستان و دەست پیَ كردن وەردەگرێت بیَ هیچ خۆ ئازاردانێك و قورس كردنێك لە سەر خۆ بەو شێوەی كە موسڵمانان لە پێغەمبەر(ﷺ) وەریان گرتووە.

---

[1]) ماف (حقّه): بریتیە لە پێدانی ماف هەموو پیتێك و دەرچوونی لە شوێنی خۆی، وەپێدانی سیفەتە بنەڕەتی یەكان كە لە پیتەكە جیا نابێتەوە، وەك : (الهمس ، الجهر ، الشّدة ، الرخوة ، الإستعلاء ، الإستفال ، الإطباق ، الإنفتاح ، الإصمات ، الإذلاق ، الصفیر ، القلقلة ، الإنحراف ، اللین ، التكریر ، التفشّي ، الإستطالة)+الغنة، الخفاء.

[2]) شایستەكانی (مستحقه) : بریتیە لە پێدانی ئەو سیفەتانەی كە تووشی دێت (عارضة) وەك : (التفخیم ، الترقیق ، الإدغام ، المدّ ، السُكون ، السّكت)

(إبن الجزري) دەفەرموێ: تەجوید جوانی دەورکردن و ڕێك خوێندنەوەیە کە تێیدا هەموو پیتێك ماف و پایەکانی خۆیوەردەگرێت و شوێنیان دەزانرێت و پیتەکان دەگەڕێنەوە شوێنی دەرچوونیان و بنەوانیان بە هاوشێوەکانی خۆیان لە دووبارە بوونەوەی هەروەکو یەکەم جار لە دەربڕیندا بە جوانی و بەو شێوەیە دەر دەبڕێن کە پێویستە وا دەر بڕێن و بە جوانی و روونی پیتەکان دەربکەون بێ ئەوەی زیادە ڕۆیی و ستەمیان لێ بکرێت یان قورسایی و ناخۆشی لە سەر خوێنەر دروست بێت.

دووەم: بابەتی زانستی (تەجوید) : بریتی یە لە ووشە پیرۆزەکانی قورئانی پیرۆز.

سێ یەم : بەروبومی زانستی (تەجوید):

بریتی یە لە پاراستنی زمان لە هەر هەڵەیەك لە کاتی خوێندنەوەی قورئانی پیرۆز بەمەش ڕەزامەندی خوای گەورە بە دەست دەهێنیت . خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿ وَرِضۡوَٰنٞ مِّنَ ٱللَّهِ أَكۡبَرُۚ ﴾ التوبة: ٧٢

واتە : رەزامەندی خوای پەروەردگار لە هەموو نازو نیعمەتەکانی بەهەشت بە نرخترو گەورەترە.

چوارەم: نرخ و بەهاکەی :

زانستی (تەجوید) بەنرخترین و بەرزترین زانستە ، چونکە بەستراوەتەوە بە بەرزترین و چاکترین پەرتوکی سەر ڕووی زەمین کە قورئانی پیرۆزە.

پێنجەم : پەیوەستی بەزانستەکانەوە:

واتە: بۆ کام زانست دەگەڕێتەوە و جیاوازی لە گەڵ زانستەکانی تر چی یە ؟ ئەم زانستە جیاوازە لە هەموو زانستەکانی تر ، وە هەروەها هەموو زانستەکانی تر لە سەر ئەو بنیات دەنرێن ، لەم زانستە مرۆڤـ چاك شارەزا نابێت بە بێ بوونی مامۆستایەکی شارەزا و پسپۆر.

شەشەم: دانــەر :

دانەری زانستی (تەجوید) وەك بنەما و نەزەری کە لە کەسانی شارەزا لە بواری خوێندنەوەی قورئانی پیرۆز خاوەنانی ئەو هونەرە پیرۆزەن ، کە دەتوانین ناوی لێ بنێین زانستی دەرك پێ کردن و هەست پێ کردن، بەڵام لە رووی گێرانەوەو ریوایەتی ئەو زانستە سەرچاوەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو سروش و وەحی یەی کە بۆ پێغەمبەرمان ﴿ ﷺ ﴾ دابەزیوە.

سەرەتای دیار کەوتنی زانستی (تەجوید)یش وەك ماف دان بە پیتەکان و سیفەتەکانیان دەگەڕێتەوە بۆ زانایانی دانەری زمانی عەرەبی، وەك : (خليل بن أحمد الفراهيدي) قوتابیەکەی (سيبويه) یە ، پاشان وەك زانستێکی سەربەخۆ دیار کەوت بە ناوی زانستی (تەجوید) ، و لە سەر لاپەڕەکانی ئەو پەرتوکانەی لە سەدەی سێ یەم و چوارەمی کۆچی نووسراوە ، یەکەم کەسیش کە پەرتوکی لەم زانستە نوسیوە ئیمام (موسى خاقان)ی یە لە ساڵی (٣٢٥ ك) کۆچی دوایی کردووە .

حەوتەم : ناو :

ناوى زانستى (تەجويد)ـە، هەندێكى تر بە هونەرى دەور كردن ناوى دەبەن و هەندێكيان بە ناوى ماقى خوێندنەوەى قورئانى پيرۆز ناوى دەبەن.

هەشتەم: سەرچاوە و ڕەچەڵەكى :

سەرچاوەكەى دەگەڕێتەوە بۆ قورئانى پيرۆز كاتێك خواى گەورە دەفەرمووێت: ﴿وَرَتِّلِ ٱلْقُرْءَانَ تَرْتِيلًا﴾ المزمل : ٤

واتە: دەورى قورئان بكەوە لە سەرخۆيى و بە ڕێك و پێكى ، هەروەها سەرچاوەيەكى ترى زانستى (تەجويد) كار و كردارەكانى پێغەمبەرە ﴿ﷺ﴾ ، چۆن پێغەمبەر هاوەڵەكانى فێركردووە ئەوانيش پارێزگاريان لىٚ كردووە تا گەيشتۆتە دەست زانايان و شارەزايان لە خوێندنەوەى قورئانى پيرۆز و گەيشتۆتە ئێمە بە سەنەدێكى يەك لەدواى يەك (المُتَواتِر)كەژمارەيەكى زۆرلە خۆدەگرێتەوەلەگێرانەوەى.

نۆيەم: حوكمى شەرعى ئەم زانستە دەكرێتە دوو بەش :-

بەشى يەكەم : تەجويدى (نظـري) :

بريتى يـە لە زانين بە بنەماكانى (تەجويد) وەك زانين بە شوێنى دەرچوونى پيتەكان و سيفەتەكان و مەرجەكانى درێژكردنەوە و حوكمەكانى نونى ساكن.

وەك: تێك هەڵكێشان، بەديارخستن...، لێرەشدا حوكمى(فەرزى كفايە)يە لە سەر موسڵمانان.

بەشی دووەم : تەجویدی کرداری (عمــلي):

بریتی یە لە چۆنیەتی دەربڕینی قورئانی پیرۆز بە دەربڕینێکی ڕاست و ڕەوان ، وەك چۆن پێغەمبەری خوا﴿ ﷺ ﴾ دەری بڕیوە ، ئەمەش (فەرزی عەینە) و پێویستە هەموو موسڵمانێك بە گوێرەی توانا خۆی لێ شارەزا بکات و پەیڕەوی لێ بکات ، بە پێی ئەم بەڵگانەی خوارەوە : ـ

أ ـ خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ وَرَتِّلِ ٱلْقُرْءَانَ تَرْتِيلًا ﴾ المزمل: ٤

واتە : دەوری قورئان بکەوە لە سەرخۆیی و بە ڕێك و پێکی.وەك چۆن هاوەڵەکان ڕەزای خوایان لێ بێت لە دەمی پیرۆزی پێغەمبەرەوە ﴿ ﷺ ﴾ وەریان گرتووە و بەو شێوازەی کە روون و ئاشکرایە و هەروەك چۆن پێغەمبەریش لە (جبریل)ـی وەریگرتووە ئەویش لە خوای گەورە وەری گرتووە بۆیە پێویستە ئێمەش هەر ئاوا وەریبگرین.

ب ـ خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ ٱلَّذِينَ ءَاتَيْنَٰهُمُ ٱلْكِتَٰبَ يَتْلُونَهُۥ حَقَّ تِلَاوَتِهِۦٓ أُو۟لَٰٓئِكَ يُؤْمِنُونَ بِهِۦ ۗ وَمَن يَكْفُرْ بِهِۦ فَأُو۟لَٰٓئِكَ هُمُ ٱلْخَٰسِرُونَ ﴾ البقرة :١٢١

واتە: ئەوانەی کتێبمان پێبەخشیون (قورئان) بە چاکی دەوری دەکەنەوە لێی ورد دەبنەوەو بە (تێگەیشتن و کارپێکردن) ئا ئەوانە بڕوا دەهێنن بە ڕێنموونی خوا و ئەوانەی بێ بڕوا بن پێی هەر ئەوان زەرەر مەندن .

کەواتە بە پێچەوانەش ڕاستە کە یەکێك قورئانی پیرۆز بخوێنێتەوەو پەیڕەویی لە تایبەتمەندی و سیفەتی خوێندنەوەی نەکات لە کاتێکدا لە تواناشی دایە بە جوانی بیخوێنێتەوە ئەوا مافی تەواوی نەداوەو زەرەرمەند دەبێت.

ج- ناكرێ و نابی قورئانی پیرۆز بە ویست و ئارەزووی خۆمان بیخوێنینەوە وەك چۆن پەرتوك و گۆڤار و ڕۆژنامەكان دەخوێنینەوە، بەڵكو خوێندنەوەی قورئانی پیرۆز تایبەتمەندی و سیفەتی خۆی هەیە بەم شێوەیکەپێغەمبەرمان ﴿ ﷺ ﴾ بۆمانی روون كردۆتەوە وە دەبی موسڵمانانیش ئەوها بیخوێننەوە و دەری ببڕن و پارێزگاری لێ بكەن وەك چۆن بە سەر پێغەمبەر ﴿ ﷺ ﴾ دابەزیوە و خۆیان لە زار و دەمی مامۆستایانی شارەزا فێر بكەن كە ئەوانیش لە مامۆستا و شارەزای پێش خۆیان وەریانگرتووە.

بەڵام گەر یەكێك زمان یارمەتی نەداو و بە قورسی پیتەكانی بۆ دەهات یان كەسی دەست نەكەوت فێری بكات ئەوا خوای گەورە جگە لە توانای ئەو كەسە شتی قورستر لە سەر شانی دانانێت تەنانەت لە فەرمودەی پێغەمبەر ﴿ ﷺ ﴾ هاتووە :

(كەسی زانا بە قورئانی پیرۆز لە گەڵ فریشتە پاك و بەرزەكانە ، و ئەوەشی بە پچڕ پچڕی و قوڕسی دەیخوێنێتەوە و لە سەریشی قوڕسە ئەوا دوو پاداشتی هەیە) ئیمام مسلم ئەم فەرمودەیەی گێڕاوەتەوە.

كەواتە ئەوەی هەوڵی دا قورئانی پیرۆز بە (تەجوید) بخوێنێتەوە هێز و توانای خۆشی بە كار هێنا بۆ فێربوون و ڕەوان كردنی ئەوا دوو پاداشتی هەیە ، ئەم فەرموودەیە ئاماژەیە بە چاك و باشی فێربوونی قورئانی پیرۆز و فێربوونی (تەجوید) كە دەبێ مرۆڤ گرنگی بدات بە فێربوونی خوێندنەوەی قورئانی پیرۆز تا شارەزا دەبێت و بە چاك و روونی دەیخوێنێتەوە، وەك چۆن دابەزیووە ، ئەو كات ناوی لە گەڵ فریشتە پاك و بەرزەكان دەبێت ، لە خوای گەورە داواكارین لەو كەسانە بین.

دەیــەم : لق و پۆپەکانی ، کە مەبستیشمان (حکم) و بنەما گشتیەکانە بۆ نموونە هەر کاتێك نونی (ساکن) یان تەنوین لە پێش پیتەکانی (إدغام) بێت ئەوا (إدغام) دروست دەبێت.

ئەم دە بنەمایە کە باسمان کرد زانایان لە پێشەکی نووسینەکانیان لە هەموو پەرتوکەکانی زانستی (تەجوید) بەمە دەست پێدەکەن.

بەشی یەکەم

دەرچەی پیتەکان

رای زانایان دەربارەی ژمارەی دەرچەی پیتەکان

زانایان سێ رایان هەیە لەسەر ژمارەی دەرچەی پیتەکان:

رای یەکەم: رای (خەلیل کوڕی احمد فراهیدي و إبن جزري) و (رای زۆربەی زانایان) ئەوەیە کە ژمارەی دەرچەی پیتەکان حەڤدە دەرچەیە ، بۆیە چەسپاندویانە کە دەرچەی بۆشایی (الجوف) و پیتەکانی (ا ، و ، ی) مەددی لە جێی خۆیەتی و بەم شێوەیە دایان ناوە بەبێ دا بەش کردن، و بڕیاریان داوە هەر یەك لە پیتەکانی (لام) و (نون) و (راء) دەرچەیەکی سەربەخۆیان هەیە ، ئەمەش رای پەسەندە.

(ابن الجزري) رەحمەتی خوای لێ بێت دەفەرموێ:

مَخارِجُ الحُرُوفِ سَبْعَةَ عَشَرْ   عَلَى الَّذي يَخْتَارُهُ مَنِ اخْتَبَرَ

رای دووەم : رای (سیبویه و شاطبي) یە ، لای ئەوان ژمارەی دەرچەی پیتەکان شازدە دەرچەیە، چونکە ئەوان بۆشایی (الجوف)یان بە دەرچە لە قەڵەم نەداوە کە بۆشایی (الجوف) دەرچەی سێ پیتی درێژکردنەوەیە، بەڵکو پیتەکانیان دابەشکردووە بەسەر دەرچەکانی قوڕگ و زمان و لێوەکاندا ، دەرچەی (ئەلیف)ی درێژکراوەیان لەگەڵ (هەمزە) لەکۆتایی قوڕگدا ئەژمار کردووە، و دەرچەی (یاء)ی درێژکراوەیان لەگەڵ دەرچەی (یاء)ی نەرم (اللین)ی حەرەکەداری ناوەڕاستی زمان ئەژمار کردووە ، وە دەرچەی (واو)ی درێژکراوەیان لەگەڵ دەرچەی (واو)ی نەرم (اللین)ی حەرەکەداری دوو لێوەکاندا ئەژمار کردووە.

رای سێیەم: ئەوەش رای (فرَّاء و جُرمي و قُرطب)ـە ، کە ژمارەی دەرچەکان لای ئەوان چواردە دەرچەیە ، چونکە دەرچەی بۆشایی (الجوف) یان ئەژمار نەکردووە و پیتەکانیان دابەشکردووە، وەك لە رای دووەمدا هاتوە ، وە پیتەکانی (لام) و (نون) و (راء)یان کردووە بە یەك دەرچە ، واتە: دەرچەکانی زمانیان کردووە بە هەشت دەرچە لە جیاتی دە دەرچە و دەرچە گشتییەکانیشیان کردووە بە چوار لە جیاتی پێنج دەرچەی.

جۆرەكـانی دەرچـە :

دوو جـۆر دەرچەمان هەیە :

گشتی (سـەرەكی) و تـایبـەت (لاوەكی)

أ) دەرچەی گشتی: بریتی یە لەوەی یەك دەرچەی تایبەت یان زیاتری تێدایە، ئەوانیش پێنج دەرچەی گشتین:

١- بۆشایی (الجوف) ٢- قورگ (الحلق)

٣- زمان (اللسان) ٤- لێوەكان (الشفتان)

٥- بۆشایی لووت (الخیشوم).

ب) دەرچەی تایبەت: ئەوەیە كە لە یەك دەرچە زیاتر نەبێت ، وە یەك پیتی لێوە دەردەچێت یان زیاتر ، وەك دەرچەی قورگ كە دەرچەیەكی گشتییە ، سێ دەرچەی تایبەتی لەخۆدەگرێت ، هەر دەرچەیەكی تایبەت دوو پیت لەخۆ دەگرێت... هتد.

روون كـردنـەوە :

رای پەسەند كە (رای زۆربەی زانایان)ە ئەوەیە كە ژمارەی دەرچەكان حەڤدە دەرچەیە، بەڵام ئەگەر بە ووردی سەیر بكەین هیچ دوو پیتێك یەك دەرچەیان نیە ، بەڵكو هەر پیتێك دەرچەیەكی تایبەت بەخۆیەوە هەیە كە لێی دەردەچێت ، بەم پێیەش ژمارەی دەرچەكان بیست و نۆ دەرچەن واتە : بەقەدەر ژمارەی پیتەكان.

زانا (أبو القسط) رەحمەتی خوای لیٚ بیٚت دەفەرمویٚ:

وَالحَصْرُ تَقْرِيبٌ وفِي الحَـقِيقَـةْ   لِكُلِّ حَرْفٍ بُقْعَةٌ دَقِيقَةْ

إِذْ قَالَ جُمهُور الـوَرَى مَا نَصُّهُ   لِكُلِّ حَرْفٍ بُقْعَةٌ تَخُصُّهُ

تێبینی: بۆ زانینی شوێنی دەرچوونی هەر پیتێك لە پیتەکانی زمانی عەرەبی ئەوە راهێنان دەکەین لەسەر پیتەکان ، پیتەکە (ساکن) یان (شەددەدار) دەکەین (هەمزە)یەکی پچڕاو لە پێشی دادەنێین و دەیخوێنینەوە ، دەنگ لە کیٚ کۆتایی هات ئەو شوێنە شوێنی دەرچوونی پیتەکەیە، نموونە: ﴿ أبْ ، أبّ ، أكْ ، أكّ ، أقْ ، أقّ ، أنْ ، أنّ ، أطْ ، أطّ ﴾ ئەمە جگە لە پیتەکانی (مد و لین)، بەلاٚم بۆ پیتەکانی (مد) بەم شێوەیە دەردەبڕین.

نموونە: ﴿ نُوحِيهَآ ﴾هود: ٤٩،

وە نموونە بۆ پیتی (اللین) بەم شێوەیە دەبێت.

نموونە: ﴿ بِٱلۡغَيۡبِ ﴾ المائدة: ٩٤ ﴿ قَوۡمٍ ﴾ الأنفال: ٥٣

جا بۆ زانینی دەرچەو دەنگی پیتەکان پێویستە فێرخواز بە شێوەیەکی تەواو لە دەم وزاری مامۆستای شارەزا و لێزان وەریبگرێت و گوێبیستی بێت.

خشتەی ریزبەندی دەربڕینی پیتەکان لە شوێنی دەرچوونیان

<table dir="rtl">
<tr><td>دەرچەی گشتی</td><td colspan="3">شوێنی دەرچوونی یەکەم: بۆشایی (الجوف)</td><td colspan="6">شوێنی دەرچوونی دووەم: قوڕگ (الحلق)</td><td colspan="6">شوێنی دەرچوونی سێ یەم : زمان (اللسان)</td></tr>
<tr><td>ژمارەی دەرچە</td><td colspan="3">١پیتی درێژکردنەوە</td><td colspan="2">٢</td><td colspan="2">٣</td><td colspan="2">٤</td><td>٥</td><td>٦</td><td colspan="3">٧</td><td>٨</td></tr>
<tr><td>دەربڕینی پیت</td><td>ءَا</td><td>ءُو</td><td>ءِي</td><td>يَ ءْ</td><td>أَهْ</td><td>أَعْ</td><td>أَحْ</td><td>أَغْ</td><td>أَخْ</td><td>أَقْ</td><td>أَكْ</td><td>أَجْ</td><td>أَشْ</td><td>أَيْ</td><td>أَضْ</td></tr>
</table>

<table dir="rtl">
<tr><td>دەرچەی گشتی</td><td colspan="13">شوێنی دەرچوونی سێ یەم : زمان (اللسان)</td><td colspan="2">شوێنی دەرچوونی چوارەم : لێوەکان (الشفتان)</td><td>شوێنی دەرچوونی پێنجەم : بۆشایی لووت (الخيشوم)</td></tr>
<tr><td>ژمارەی دەرچە</td><td>٩</td><td>١٠</td><td>١١</td><td colspan="3">١٢</td><td colspan="3">١٣</td><td colspan="3">١٤</td><td>١٥</td><td colspan="2">١٦</td><td>١٧</td></tr>
<tr><td>دەربڕینی پیت</td><td>أَلْ</td><td>أَنْ</td><td>أَرْ</td><td>أَطْ</td><td>أَدْ</td><td>أَتْ</td><td>أَظْ</td><td>أَذْ</td><td>أَثْ</td><td>أَصْ</td><td>أَسْ</td><td>أَزْ</td><td>أَفْ</td><td>أَبْ</td><td>أَمْ</td><td>ئەم دەرچەیە شوێنی دەرچوونی مینگە(غنة) یە لە پیتی (ن – م)</td></tr>
</table>


دەرچەی پیتەکان و نازناوی پیتەکان بە یەکەوە



تێبینی:

ئەگەر سەیری ئەم خشتەیە بکەین تەنها (زمان) دە شوێنی دەرچوونی پیتەکان لەخۆ دەگرێت لە کۆی (بیست ونۆ) پیتی زمانی عەرەبی (هەژدە) پیتی لێوە دەردەچێت.


دەرچە سەرەکیەکان لە پیتەکانی زمانی عەرەبی



تێبینی:

لەم وێنەیە روون دەبێتەوە لە (پێنج) شوێنی سەرەکی پیتەکانی زمانی عەرەبی دەردەچێت.


یەکەم: بەشەکانی قوڕگ




تێبینی:

پێویستە فێرخواز ئەم شوێنانە بە چاکی بزانێت بۆ ئەوەی بەرچاوی روون بێت لە شوێنی دەرچوونی پیتەکان.


دووەم: مەڵاشووی سەرەوە



سێ یەم: بەشەکانی زمان



چوارەم: ددانەکان



- دووانە (٤) الثنايا
- چوارینە (٤) الرباعيات
- کەلبەو (بڕەڕ) (٤) الأنياب
- زەردەخەنە و (پێکەنین) (٤) الضواحك
- هاڕەڕ (١٢) الطواحن
- خڕێنە (٤) النواجذ

تێبینی/ کۆی گشتی ددانەکان (٣٢) ددانە بەڵام چوار ددانەکانی خڕێنە (ژیری) هیچ دەورێکی نییە لەرووی دەربڕینی


پێناسەی پیت

پیت :

بریتی یە لەو دەنگەی کە پشت دەبەستێت بە شوێنی دەرچوونی دیاری کراو و دیاری نەکراو.

بەشی دیاری کراوی دەرچەکە


١- (المخرج المحقق) دەرچەی دیاریکراو: بریتی یە لە دیاری کردنی شوێنی دەرچوونی پیتەکە کە پشت دەبەستێت بە شوێنێکی دیاری کراو لە بەشەکانی (قورگ و زمان و هەردوو لێوەکان).



پیتی دال

بەشی نادیاری کراو لە بۆشایی قورگ و دەم


٢- (المخرج المقدّر) دەرچەی دیاری نەکراو: بریتییە لە دیاری نەکردنی شوێنی دەرچوونی پیتەکانی (المد) درێژکردنەوە کە پشت نابەستێت بە شوێنێکی دیاری کراو ، لەو هەوایە پێك هاتووە کە لە هەردوو(بۆشایی قورگ و دەم) تێدەپەڕێت.



پتی (ئەلیف)ی درێژ کراو

چۆنیەتی ڕوودانی پیتەکان بە ئامرازی دەنگی (*) مرۆڤ

یەکەم / پیتی زەنەدار (ساکن) :




دەردەچێت بە یەك کەوتنی دوو ئەندامی دەربڕین.

بۆ نموونە :

میمی زەنەدار (ساکن) بە لێکدانی دوو لێوەکان

دووەم / پیتی بزواو (متحرك) :



دەردەچێت بە دوور کەوتنەوەی نێوان دوو ئەندامی دەربڕیندا لە گەڵ دەرچوونی بنچینەی جووڵەی پیتەکە : (مَ مُ مِ)

بۆ نموونە :

میمی (فتحة) دەردەچێت بە هۆی دوورکەوتنەوەی هەردوو لێوی مرۆڤ


---

* دەنگ : بریتی یە لە هەژان و لەرینەوەی چینەکانی هەوا بە شێوەیەك کە گوێچکەکانی مرۆڤ هەستی پێبکات .


سێ یەم / پیتەکانی درێژکردنەوە (المـدّ):

دەردەچێت بە هەژان (لەرینەوە)ی ژێیە دەنگی یەکان لە (قوڕگ) لە گەڵ ئەوەش دەبێتە هۆی کردنەوەی دەم لە پیتی (ئەلیف) ، وە دەبێت زمان لە باری ئاساییدا بێت.

لِلْجَوفِ: أَلِفٌ وأُخْتَاهَا ، وَهِي حُرُوفُ مَدٍّ لِلْهَوَاءِ تَنْتَهِي



(ئەلیف)ی درێژکردنەوە





ژێیەکانی دەنگ

نموونە

﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ قُوٓا۟ أَنفُسَكُمْ وَأَهْلِيكُمْ نَارًا وَقُودُهَا ٱلنَّاسُ وَٱلْحِجَارَةُ عَلَيْهَا مَلَٰٓئِكَةٌ غِلَاظٌ شِدَادٌ لَّا يَعْصُونَ ٱللَّهَ مَآ أَمَرَهُمْ وَيَفْعَلُونَ مَا يُؤْمَرُونَ ﴾ التحريم: ٦

لە پیتی (واو)ـی درێژکردنەوە بە خڕ بوونی دوو لێوەکان بۆ پێشەوە لە گەڵ بەرزبوونەوەی ئەو پەڕی زمان ، بەبێ دروست بوونی تەنگی لە قوڕگ.





(واو)ـی درێژکردنەوە

نموونە:

﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ لَا تَعْتَذِرُوا۟ ٱلْيَوْمَ ۖ إِنَّمَا تُجْزَوْنَ مَا كُنتُمْ تَعْمَلُونَ ﴾ التحريم: ٧

لە پیتی (یـاء)ـی درێژکردنەوە چەناگەی خوارەوە دادەبەزێت لە گەڵ بەرز بوونەوەی ناوەڕاستی زمان لە پیتی (یـاء).




(یاء)ـی درێژکردنەوە

نموونە: ﴿ وَقِيلَ ٱدْخُلَا ٱلنَّارَ مَعَ ٱلدَّٰخِلِينَ ﴾ التحريم: ١٠

بۆشايى (الجوف)

(الجوف) له زمانەوانيدا : واتە بۆشايى .

له زاراوەدا : بريتيه له : بۆشايى (قورگ) + بۆشايى (دەم و زار).



(ابن الجزري) رەحمەتى خواى لىٚ بێت به يازده بەيت هۆنراوە ئاماژە به شوێنى دەرچوونى پيتەكان دەكات:

مَخَارِجُ الحُرُوفِ سَبْعَةَ عَشَرْ — عَلَى الَّذِي يَخْتَارُهُ مَنِ اخْتَبَر

لِلْجَوفِ: أَلِفٌ و أُخْتَاهَا ، وَهِي — حُرُوفُ مَدٍّ لِلْهَوَاءِ تَنْتَهِي

ثُمّ لأقصَى الحَلْقِ : هَمْزٌ هَاءُ — وَ مِنْ وسَطِهِ : فَعَيْنٌ حاءُ

أَدْنَاهُ : غَيْنٌ خَاؤُهَا ، وَالْقَافُ — أَقْصى اللِّسانِ فَوْقَ، ثُمّ الْكَافُ

أَسْفَلُ، وَالْوَسْطُ: فَجِيمُ الشّنُ يَا — وَالضَّادُ: مِنْ حَافَتِهِ إذْ وَلِيَا

لاَضْرَاسَ مِنْ أَيسَرَ أَوْ يُمْنَاهَا — وَالـلاَّمُ : أَدنَاهَا لِمُنْتَهَاهَا

وَالنُّونُ: مِنْ طَرْفِهِ تَحْتُ اجْعَلُوا — وَالرّا: يُدَانِيهِ لِظَهْرٍ ادخَلُ


وَالطَاءُ وَالدّالُ وَتَا : مِنهُ وَمِنْ — عُلْيَا الثّنايَا، والصّفِيْرُ: مُسْتَكِنْ

مِنْهُ وَمِنْ فَوْقِ الثّنَايَا السُفْلَى — والظّاءُ وَالذّالُ وَثَا: لِلعُلْيَا


مِن طَرَفَيْهِمَا ، وَمِنْ بَطْنِ الشّفَهْ: — فَالْفَا مَعَ اطرافِ الثّنايَا المُشْرِفَهْ

لِلشّفَتَيْنِ : الْوَاوُ بَاءُ مِيمُ — وَغُنّةٌ : مَخْرَجُهَا الخَيْشُومُ


له بۆشایی قورگ و دەم سێ پیتی درێژکردنەوە دەردەچێت.



(ئەلیف)ی مەددی



(واو)ی مەددی



(یاء)ی مەددی

تێبینی:


راهێنان بۆ پیتەکانی درێژکردنەوە بە شێوەیەك لووتمان دەگرین بۆ زانینی دەنگی پیتەکانی (مـد) کە نابێت لە لووتەوە دەربچێت کە رێگە پێنەدراوە بەڵکو دەبێت لە دەمەوە دەربچێت کە ئەمە دروستە.

ئەم سێ پیتە (ا ، و ، ي) بە چەند ناوێك ناسراون :-


١- پیتەکانی (المدّ) درێژکردنەوە.

٢- پیتەکانی (الجوف) بۆشایی.


٣- پیتەکانی (العلة) بزوێن.



کۆتایی هاتنی دەنگ لە هەوادا (واو)ـی مەددی



کۆتایی هاتنی دەنگ لە هەوادا (یاء)ـی مەددی



کۆتایی هاتنی دەنگ لە هەوادا (ئەلیف)ـی مەددی

٤- پیتەکانی (الهوائية) کۆتایی هاتنی دەنگە لە هەوادا ، هەروەك لەم وێنانەدا دەردەکەوێت.

٥- پیتەکانی (الخفاء) شاراوەی دەنگ.

روونکردنەوە:

بە مەرج گیراوە بۆ ئەم سێ پیتە (ـَا ، ـُو ، ـِي)
خۆیان (ساکن) بن ، و(حرکة) لە رەگەزی خۆیان لە
پێشیانەوە هاتبێت.

أ- ئەلیفی ساکن (ا*) فەتحەی لە پێش هاتبێت.

نموونە : ﴿ قَالَ ﴾ البقرة (٣٠)

ب- واوی ساکن (و) ضمە ی لە پێش هاتبێت.

نموونە : ﴿ يَقُولُ ﴾ البقرة (٨)

ج- یای ساکن (ي) کەسرەی لە پێش هاتبێت .

نموونە : ﴿ قِيلَ ﴾ البقرة (١١)

---

*پیتی (ئەلیف) هەردەم (ساکن)ـە و (فتحة)ـی لە پێش هاتووە ، لە هیچ کاتێك لە سەرەتایی ووشە نایێت بەڵکو لە ناوەراستی ووشە یان لە کۆتایی دێت ،

نموونە: ﴿ وَكَانَ أَمْرُ اللَّهِ مَفْعُولًا ﴾ الأحزاب: ٣٧

چەند تێبینی یەك دەربارەی پیتەكانی (الجوف – المد)

١- پێویستە لە دەربڕینی ئەم سێ پیتە (ا – و – ي) لە بۆشایی قوڕگ و دەمەوە دەربچێت و تێكەڵ نەبێت بە مینگە بەهۆی هاتنی لە نێوان دوو پیتی مینگە واتە لە بۆشایی لوتەوە دەرنەچێت بە هیچ شێویەك.

نموونە :

﴿ ٱلرَّحۡمَٰنُ ﴾ الرحمن: ١ ﴿ ٱلنَّاسِ ﴾ الناس: ١ ﴿ يُؤۡمِنُونَ ﴾ غافر: ٥٩

﴿ مَمۡنُونٍ ﴾ فصلت: ﴿ مُّؤۡمِنِينَ ﴾ الشعراء: ١٩٠ ﴿ ظَٰلِمِينَ ﴾ الأنبياء: ٤٦

٢- دەرچەی پیتەكانی (المـدّ) پشت بە شوێنێكی دیاری كراو نابەستێت بۆیە لە سەر قورئان خوێن پێویستە خۆی بپارێزێت لە دەربڕینی پیتی ئەلیف نەیكات بە (هەمزە) لە كاتی وەستان لە سەر كۆتایی ووشە.

نموونە : ﴿ مِهَٰدًا ﴾ النبأ: ٦ خوێندنەوەی هەڵە ﴿ مِهادَء ﴾

یان گۆڕینی ئەلیف بە (هاء).

نموونە : ﴿ مهادَه ﴾.

❖ ئەگەر فێرخواز بەم شێوازە هەڵەیە بخوێنێتەوە، واتە شوێنی دەرچەی بۆ پیتی(ئەلیف) دیاری كردووە، ئەوەش لە خودی خۆیدا هەڵەیە و شوێنی دەرچوونی پیتی (ئەلیف) دیاریكراو نیە.

٣- هەندێ لە جۆرەکانی خوێندنی قورئان هەن کە ڕێگە پێ نەدراون (غیر جائز) کە تیایاندا پیتەکانی (المـدّ) دەبن بە چەند پیتێك لە ڕەگەزی خۆی ئەوەش لە ئەنجامی زیادەڕۆیی کردنی لە گرنگی دان بە دەنگ و ئاواز.

نموونە :

﴿ ٱلسَّمَآءُ ﴾ النازعات:٢٧ ﴿ كَلَّا سَوْفَ تَعْلَمُونَ ﴾ التكاثر ٣ ﴿ لَكُمْ دِينُكُمْ وَلِيَ دِينِ ﴾ الكافرون: ٦

- خوێندنەوەی نەشاز لە پیتی (ألِف) ﴿ السمـــااا ء ﴾.
- خوێندنەوەی نەشاز لە پیتی (واو) ﴿ تعلموون ﴾.
- خوێندنەوەی نەشاز لە پیتی (یاء) ﴿ دیـــییـن ﴾.

٤- لوول نەکردنی دوو لێوەکان بۆ پێشەوە بە ئەندازەی پێویست لە دەربڕینی پیتی(واو) ، چونکە پیتی (واو) پێویستی بە لوولکردن هەیە لە دەربڕین.

قوڕگ (الحلق)


قوڕگ :

قوڕگ شەش پیتی هەیە بە سەر سێ کۆمەڵە دابەش دەبن :

یەکەم / کۆتایی قوڕگ (ء ، هـ)

دووەم / ناوەڕاستی قوڕگ (ع ، ح)

سێیەم / سەرەتای قوڕگ (غ ، خ)




تێبینی/ پیتەکانی قوڕگ لای راستی وێنەکە سیفەتی (الجهر)یان هەیە، لای چەپیش سیفەتی (الهمس) یان هەیە و بەم سیفەتانە لێك جیا دەکرێنەوە.

بۆ نموونە لە پیتی (غین) و (خاء) :

غین	الجهر	الرخاوة	الإستعلاء	الإنفتاح	الإصمات
خاء	الهمس	الرخاوة	الإستعلاء	الإنفتاح	الإصمات

یەکەم / کۆتایی قوڕگ

کۆتایی قوڕگ: ناوچەی دەنگە ژێیەکان پیتی (همزة) و (هاء)ـی لێ دەردەچێت.




(ابن الجزري) رەحمەتی خوای لێ بێ دەفەرموێ :

ثُمَّ لأَقصَى الحَلْقِ : هَمْزٌ هَاءُ

....

پیتی (هاء) بە کردنەوەی بەشێکی دوو ژێیەکانی دەنگ دەردەچێت.




هەمزەی زەنەدار (ساکن)

بە گرتنی

دوو ژێ یەکان

﴿ يَأْتِكُمْ ﴾ التغابن: ٥




هەمزەی بزواو (متحرك)

بە دوورخستنەوەی

دوو ژێیەکان

﴿ أَبَدًا ﴾ التغابن: ٩



(هـــاء)

بە کردنەوەی بەشێکی

دوو ژێەکان

﴿ أَهْلِهِ ﴾ الانشقاق: ١٣

چەند تێبینی یەك لە سەر پیتەكانی (همزة – هاء) :

١- نابێت پیتی (همزة) بە قەڵەوی بخوێندرێتەوە بە تایبەتی لەم ووشانە : ﴿ ٱلْحَمْدُ ﴾ الفاتحة: ٢ ﴿ أَعُوذُ ﴾ مريم: ١٨ ﴿ ٱهْدِنَا ﴾ الفاتحة: ٦ ،
یان بە هەژان (قلقلة) بە تایبەتی لەم شوێنانەی كە (ساكن) بن

نموونە : ﴿ حَتَّىٰ يُؤْمِنَّ ﴾ البقرة: ٢٢١ ﴿ يَأْلَمُونَ كَمَا تَأْلَمُونَ ﴾ النساء: ١٠٤

٢- نابێت پیتی (هاء) بە قەڵەوی بخوێندرێتەوە بە تایبەتی لە كاتی خوێندنەوەی ووشەی ﴿ ٱللَّهَ ﴾ بە هۆی (لام لفظ الجلالة) كە بە قەڵەوی دەخوێندرێتەوە.

٣- بە دیار خستنی دەرچەی (هاء) زۆر بە جوانی لە كاتی بە یەك گەیشتنی دوو (هاء)ی بزواو (متحرك)

وەك : ﴿ وَيُلْهِهِمُ ﴾ الحجر٣ ﴿ جِبَاهُهُمْ ﴾ التوبة ٣٥ ﴿ وُجُوهُهُمْ ﴾ آل عمران١٠٦

٤- بە دیار خستنی دەرچەی پیتی (همزة) بە جوانی لە كاتی بە یەك گەیشتنی دوو(همزة) ی بزواو (متحرك)

وەك : ﴿ جَآءَ أَحَدٌ ﴾ النساء: ٤٣ ﴿ أَهَٰٓؤُلَآءِ إِيَّاكُمْ ﴾ سبأ: ٤٠

٥- نەشاردنەوەی دەرچەی (هاء) لە كاتی وەستان لە سەری

وەك : ﴿ فَأَهْلَكَتْهُ ﴾ آل عمران : ١١٧

٦- نابێت پیتی (هـاء) تێکەڵ بکەین بە پیتی (ئەلیف) بەهۆی هاتنی (فتحة) لە پێشی ، بە تایبەتی لە کاتی وەستان .

نموونە: ﴿ ٱلْقَارِعَةُ ﴾ القارعة: ١

٧- بایەخ دان بە سیفەتی (الجهر) لە پیتی (همزة) بە گرتنەوەی هەوای هەناسە.

٨- بایەخ دان بە سیفەتی (الهمس) لە پیتی (هـاء) بە ڕۆیشتنی زۆربەی هەوای هەناسە لەدەرچەکەی ، ئەگەر سەیری سیفەتەکانی پیتی(هـاء) بکەین لاوازترین پیتە لە زمانی عەرەبی ، گەرچی زۆرترین هەوای هەناسەی پێویستە بەپێچەوانەی پیتی (طاء) کە بەهێزترین پیتە و هەوای هەناسە لەگەڵی دەرناچێ .


نموونە : ﴿ طـه ﴾ طه: ١

(بەهێزترین پیتە) (لاوازترین پیتە)

دووەم / ناوەڕاستی قوڕگ


ناوەڕاستی قوڕگ: ناوچەی زمانە بچکۆڵە لە گەڵ دیواری دواوەی قوڕگ پیتی (عین و حاء) لێی دەردەچێت.

.... وَمِنْ وسَطِهِ : فَعَيْنٌ حاءُ



عین

بایەخ دان بە سیفەتی (الجهر) لە پیتی (عین) بە گرتنەوەی هەوای هەناسە.



حاء

بایەخ دان بە سیفەتی (الهمس) لە پیتی (حاء) بە ڕۆیشتنی زۆری هەوای هەناسە.

چەند تێبینی یەك لە پیتەكانی (عین – حاء) :

١- بە دیار خستنی دەرچەی (عین) بە رێكی لە كاتی بە یەك گەیشتنی دوو پیتی (عین)ی بزواو (متحرك)

وەك :

﴿ أَن تَقَعَ عَلَى ٱلۡأَرۡضِ ﴾ الحج: ٦٥ ﴿ حَتَّىٰٓ إِذَا فُزِّعَ عَن قُلُوبِهِمۡ ﴾ سبأ: ٢٣

٢- سیفەتی هەژان (قلقلة) نەدەین بە پیتی (عین) یاخود بە نیو(عین) دەری نەخەین بە تایبەتی ئەگەر (ساكن) بێت

وەك :

﴿ تَعۡلَمُونَ ﴾ البقرة ٢٢ ﴿ لَا تَعۡتَذِرُواْ ﴾ التحريم: ٧ ﴿ هَٰذَا ٱلۡوَعۡدُ ﴾ الملك: ٢٥

٣- دەبێت وریا بین پیتی (حاء) و (عین) تێكەڵ نەكرێن بە هۆی دەرچوونیان لە یەك شوێن

وەك :


﴿ فَلَا جُنَاحَ عَلَيۡكُمۡ ﴾ البقرة ١٥٨ ﴿ زُحۡزِحَ عَنِ ٱلنَّارِ ﴾ آل عمران: ١٨٥

﴿ ٱلۡمَسِيحُ عِيسَى ﴾ آل عمران: ٤٥

سێیەم/ سەرەتـای قـوڕگ

سەرەتای قوڕگ : ناوچەی ڕەگی زمان لە گەڵ مەڵاشووی نەرم پشکە مەڵاشوو پیتی (غین و خاء) لێی دەردەچێت.


أَدْنَاهُ : غَيْنٌ خَاؤُهَا..............



بایـەخ دان بە سیفەتی (الجهر) لە پیتی (غین) بە گرتنەوەی هەوای هەناسە ، کە لە هەموو سیفەتەکان لە گەڵ پیتی (خاء) وەك یەکن تەنها بە سیفەتی (الجهر) لێك جیا دەکرێنەوە.

نموونەی پیتی (غین) :

﴿ رَبَّنَا ٱغْفِرْ لَنَا ﴾ الحشر: ١٠



بایەخ دان بە سیفەتی (الهمس) لە پیتی (خاء) بە ڕۆیشتنی زۆری هەوای هەناسە

نموونەی پیتی (خاء) :

﴿ وَأَخْرَجُوكُم ﴾ الممتحنة: ٩

ئەو هەڵانەی دەکرێن لە کاتی دەربڕینی پیتەکانی (قوڕگ) بە گشتی :

١- گۆڕینی پیتی (همزة) بە پیتی (هاء).

نموونە :

﴿ءَأَنذَرْتَهُمْ﴾ البقرة : ٦

٢- نابێت پیتی (همزة) بە بەرزی بخوێندرێتەوە یان بە هەژان (قلقلة).

نموونە :

﴿يُؤْمِنُونَ﴾ بە تایبەتی لەم شوێنانەی کە (ساكن) بن.

٣- گۆڕینی پیتی (حاء) بە پیتی (هاء).

نموونە :

﴿يَٰنُوحُ ٱهْبِطْ﴾ هود : ٤٨

٤- گۆڕینی پیتی (عين) بە (حاء).

نموونە :

﴿عَلَيْكُمْ﴾ البقرة : ٢٣٣

٥- گۆڕینی پیتی (غين) بە پیتی (خاء).

نموونە :

﴿وَٱسْتَغْفِرْهُ﴾ النصر: ٣

٦- نابێت پیتی (غين) تێکەڵ بکەین یان نزیکی بکەینەوە لە پیتی (قاف) بە هۆی لێك نزیکی دەرچەیانەوە.

نموونە: ﴿رَبَّنَا لَا تُزِغْ قُلُوبَنَا﴾ آل عمران: ٨


بە تایبەتی لە ووشەی ﴿غَيْرِ ٱلْمَغْضُوبِ﴾ الفاتحة : ٧

تێبینی

پێویستە فێرخواز ئاگاداری ئەو پیتانە بێت کە هاوشێوەن و بزواون و لە دوای یەکتریش هاتوون و شوێنی دەرچوونیان تێکەڵ بە یەکتر نەکات واتە هەردووکیان نەکات بە یەك پیت لە دەربڕین.

سورەت	نموونـــە	پیت
البقرة (٣١)	﴿ هَٰٓؤُلَآءِ إِن كُنتُمْ صَٰدِقِينَ ﴾	ء
الحجر (٣)	﴿ وَيُلْهِهِمُ ٱلْأَمَلُ ﴾	هـ
الكهف (٩٠)	﴿ وَجَدَهَا تَطْلُعُ عَلَىٰ قَوْمٍ ﴾	ع
الكهف (٦٠)	﴿ أَبْرَحُ حَتَّىٰٓ ﴾	ح
آل عمران (٨٥)	﴿ وَمَن يَبْتَغِ غَيْرَ ٱلْإِسْلَٰمِ ﴾	غ

دەرچەی پیتی قاف



. . . . وَالْقَافُ

أَقْصى اللِّسانِ فَوْقَ ثُمَّ الْكَافُ


أَسْفَلُ. . . . .

کۆتایی زمان لەگەڵ

گۆشتە مەڵاشووی نەرم ،

نموونە : ﴿فَحَقَّ وَعِيدِ﴾ ق: ١٤

دەرچەی پیتی کاف



کۆتایی زمان لە گەڵ

گۆشتە مەڵاشووی نەرم و

ئێسکە مەڵاشوو،

نموونە : ﴿أَفِي ٱللَّهِ شَكٌّ﴾ إبراهيم: ١٠

چەند تێبینی یەك لە سەر پیتەكانی (قاف - كاف) :

١- وریا بین لە پیتی (قاف) ی كەسرەدار (مكسور) و تێكەڵی نەكەین بە (كاف).

نموونە : ﴿ ٱلْمُسْتَقِيمَ ﴾ الفاتحة : ٦

٢- پێویستە راهێنان بكەین لە سەر پیتی (قاف) لە كاتی وەستان لە سەری. نموونە : ﴿ وَبَرْقٌ ﴾ البقرة : ١٩ ﴿ ٱلْحَقِّ ﴾ البقرة : ٦١

٣- لە كاتی بەیەك گەیشتنی دوو(قاف)ـی بزواو (متحرك) پێویستە هەردووكیان (إظهار) بكەین ،

نموونە : ﴿ بِٱلْحَقِّ قَالُوا۟ ﴾ الأنعام : ٣٠ ، ﴿ حَقَّ قَدْرِهِۦٓ ﴾ الأنعام : ٩١

٣- نابێت پیتی (كاف) بگۆڕین بە پیتی (گ)ی كوردی بە تایبەتی لەو شوێنانەی هەمزەی پچڕوای لە پێش بێت ،


نموونە : ﴿ وَٱلْفِتْنَةُ أَكْبَرُ مِنَ ٱلْقَتْلِ ﴾ البقرة : ٢١٧

٥- لە كاتی بە یەك گەیشتنی دوو پیتی(كاف)ـی بزواو(متحرك) پێویستە هەردووكیان (إظهار) بكەین ،

نموونە : ﴿ مَّنَـٰسِكَكُمْ ﴾ البقرة: ٢٠٠ ، ﴿ إِنَّكِ كُنتِ ﴾ يوسف: ٢٩

﴿ إِلَىٰ رَبِّكَ كَدْحًا ﴾ الانشقاق: ٦

دەرچەی پیتی جیم



ناوەڕاستی زمان له گەڵ ناوەڕاستی مەلاشووی سەروو بەریەك دەكەون.


نموونەی پیتی (جیم) :

﴿ تَجۡرِي ﴾ البروج: ١١

...... وَالْوَسْطُ: فَجِيمُ الشِّنُ يَا

....

دەرچەی پیتی شیــن




ناوەڕاستی زمان له گەڵ ناوەڕاستی مەلاشوی سەروو له گەڵ بوونی بۆشایی كەم له نێوانیاندا.

نموونەی پیتی (شین):

﴿ وَٱلۡمُشۡرِكِينَ ﴾ البينة:١

ده‌رچه‌ى پیتى یائى - اللين -



(یائى – اللين)

ناوه‌ڕاستى زمان له گه‌ڵ ناوه‌ڕاستى مه‌ڵاشوى سه‌ره‌وه له گه‌ڵ بوونى بۆشايى له نێوانياندا

تێبینی لە سەر دەربڕینی پیتی (یائی) ناوەراستی زمان :

١- پێویست شەددەی پیتی (یائی) ناوەراستی زمان لە کاتی ڕۆیشتن و وەستان لە سەری بە جوانی بە دیارکەوێت.

نموونە :

﴿ رِبِّيُّونَ ﴾ آل عمران ١٤٦، ﴿ إِنَّ وَلِـِّۧيَ ٱللَّهُ ﴾ الأعراف ١٩٦، ﴿ ٱلسَّامِرِيُّ ﴾ طه:٨٧

٢- لە کاتی بە یەك گەیشتنی دوو (یاء)ی بزواو (متحرك) پێویستە هەردووکیان (إظهار) بکرێن.

نموونە :

﴿ فَلَنُحْيِيَنَّهُۥ ﴾ النحل (٩٧) ، ﴿ وَٱلْعَشِيِّ يُرِيدُونَ ﴾ الكهف (٢٨)

٣- (يّ)ی (شەدەدار) پێویستیی بە پاڵە پەستۆی دەنگ هەیە لە کاتی دەربڕیندا.

نموونە :

﴿ وَهُوَ ٱلْعَلِيُّ ٱلْعَظِيمُ ﴾ البقرة: ٢٥٥


٤- نابێت دەنگی مینگە (غنة) تێکەڵ بکرێت لە گەڵ پیتی (یاء) بە تایبەتی ئەگەر بکەوێتە تەنیشت (نون و میم).

نموونە :

﴿ ٱلدُّنْيَا ﴾ الجاثية : ٢٤ ، ﴿ مَرْيَمَ ﴾ الصف : ٦

بەراورد لە نێوان دەرچەی هەریەك لە پیتەکانی


(جیم) و (شین) و (یائی - اللین)



دەرچەی (جیم)

ناوەڕاستی زمان لە گەڵ ناوەڕاستی مەلاشووی سەروو بەریەك دەکەون .


نموونە: ﴿ نَّجعَلَ ﴾ الكهف : ٤٨



دەرچەی (شین)

ناوەڕاستی زمان لە گەڵ ناوەڕاستی مەلاشووی سەروو بەریەك ناکەون.

نموونە : ﴿ وَلَا يُشْرِكْ ﴾ الكهف : ٣٦



دەرچەی (یائی-اللین)

ناوەڕاستی زمان لە گەڵ ناوەڕاستی مەلاشووی سەروو بەریەك ناکەون.

نموونە : ﴿ يَعْلَمُ ﴾ الحديد: ٤

ئەو هەڵانەی دەکرێن لە شوێنی دەرچوونی پیتەکانی ناوەڕاستی زمان :

١- تێکەڵ کردنی پیتی (جیم) بە پیتی (ژ)ی کوردی هەروەك خەڵکی لبنان لە لەهجەدا دەری دەبڕن ، فێرخواز هەڵە دەکات بە تایبەتی لەم شوێنانە.

نموونە :

﴿خَبِيثَةٍ ٱجۡتُثَّتۡ﴾ إبراهيم:٢٦ ﴿ٱجۡتَبَٰهُ﴾ النحل:١٢٢

﴿ٱلۡمَسۡجِدِ ٱلۡحَرَامِ﴾ الإسراء:١

٢- تێکەڵ کردنی پیتی (جیم) بە پیتی (چ) و(ج) ی کوردی ئەمەش بە هۆی هێشتنەوەی بۆشایی لە نێوان مەڵاشووی سەروو لە گەڵ ناوەڕاستی زمان و بایەخ نەدان بە سیفەتی (الشدّة ، الجهر) لە پیتی (جیم).

نموونە :

﴿لِيُحَآجُّوكُم﴾ البقرة : ٧٦ ﴿وَجۡهِكَ﴾ البقرة : ١٤٤

تێبینی لە دەربڕینی پیتی (شین) (*)

٣- تێکەڵ کردنی پیتی (شین) بە (سین) بە تایبەتی ئەگەر پیتی (شین) کەسرەی لە ژێر بێت یان (ساکن) بێت ، ئەوەش بە هۆی پێشخستنی زمانەوە لە ناوەراست بۆ لای پێشەوەی زمان لەو کات دەنگێك دەردەچێت نزیك پیتی(سین) ئەوەش رێگەی پێنەدراوە ، نموونە :

﴿ تَمۡشِي عَلَى ٱسۡتِحۡيَآءٖ ﴾ القصص : ٢٥، ﴿ كَرَمَادٍ ٱشۡتَدَّتۡ ﴾ إبراهيم : ١٨


نابێت پیتی (شین) بە قەڵەو بخوێنینەوە بە هۆی هاتنی لە تەنیشت پیتی قەڵەو.


نموونە : ﴿ شَطَطًا ﴾ الجن : ٤

(*) پیتی (شین) بە دوو سیفەتی بێ هاودژ لە پیتی (سین) جیا دەکرێتەوە :

- التفشي (بڵاوبوونەوەی دەنگ) : تەنها سیفەتی پیتی (شین)ـە.
- الصفير (فیکە): تەنها سیفەتی پیتەکانی (سین ، صاد ، زای)ـە.

دەرچەی پیتی ضـــاد





لێواری زمان لە گەڵ خرێنەکانی سەرەوە


- شوێنی پێوە نووسانی زمان بە بێ پاڵەپەستۆ
- شوێنی پێک کەوتن بە پاڵە پەستۆ.


(**إبن الجزري**) رەحمەتی خوای لێ بێ دەفەرموێ :

وَالضَّادُ: مِنْ حَافَتِهِ إِذْ وَلِيَا ....

لاَضْرَاسَ مِنْ أَيسَرَ أَوْ يُمْنَاهَا ....

ئەو شوێنەی زمان کە پیتی ضـاد دەیگرێتەوە





پێناسەی دەرچەی پیتی (ضـاد) : لە یەك لە دوو لێواری زمـان (چەپ یان ڕاست یان هەردوو لا یەکەوە) لە گـەڵ بەرامبەرەکەیان لە ددانەکانی پێکەنین و هاڕەڕ و خرێنە.

ئەو هەڵانەی دەکرێن لە شوێنی دەرچوونی پیتی (ضـاد) :-

١- گۆڕینی پیتی (ضاد) بە پیتی (لامی)ێکی قەڵەو بە هۆی لە یەك نزیکی شوێنی دەرچوونیان.

نموونە: ﴿ وَلَا ٱلضَّآلِّينَ ﴾ الفاتحة : ٧

٢- دووبارەبوونەوەی پیتی(ضاد) لەناو یەك ووشە پێویستە ئاشکرا بکرێت و تێکەڵ بەیك نەکرێت.

نموونە: ﴿ يَغْضُضْنَ ﴾ النور : ٣١ ﴿ وَٱغْضُضْ ﴾ لقمان : ١٩

٣- گۆڕینی پیتی (ضاد) بە پیتی (دال)ێکی قەڵەو یان بە (زای)ێکی قەڵەو.

نموونە : ﴿ تُفِيضُونَ ﴾ الأحقاف : ٨

٤- تێکەڵ کردنی پیتی (ضاد) بە پیتی (ظاء) بە تایبەتی لەم شوێنانە:-

﴿ بَعْضَ ٱلظَّٰلِمِينَ ﴾ الأنعام : ١٢٨ ﴿ يَعَضُّ ٱلظَّالِمُ ﴾ الفرقان : ٢٧

﴿ إِنَّ بَعْضَ ٱلظَّنِّ إِثْمٌ ﴾ الحجرات : ١٢ ﴿ ٱلَّذِىٓ أَنقَضَ ظَهْرَكَ ﴾ الشرح : ٣

٥-تێکەڵ کردنی پیتی (ضاد) بە پیتی (طاء) یان بە (تاء) بە تایبەتی لەم نموونانە :

﴿ ثُمَّ أَضْطَرُّهُۥٓ ﴾ البقرة : ١٢٦ ، ﴿ فَمَنِ ٱضْطُرَّ ﴾ البقرة : ١٧٣ ،

﴿ فَإِذَآ أَفَضْتُم ﴾ البقرة : ١٧٣ ﴿ وَقَدْ فَرَضْتُمْ ﴾ البقرة : ٢٣٧ ،

﴿ وَخُضْتُمْ ﴾ التوبة : ٦٩

❖لە قورئانی پیرۆز تەنها چوار شوێن پیتی (ضاد) پیتی (ظاء)ـی بە دوادا هاتووە ، بۆیە پێویستە فێرخواز ڕاهێنان بە زمانی بکات بەم دوو پیتە.

جیاوازی نێوان پیتی (ضاد) و (ظاء)

أ- جیاكردنەوەیان بە وێنەو شێوەیان لە نوسیندا ،

ناوەراستی ووشە ،

نموونە : ﴿ يُضِلُّ ﴾ البقرة : ٢٦ ﴿ أَنظِرْنِيٓ ﴾ الاعراف : ١٤ ،

كۆتایی ووشە ،

نموونە : ﴿ ٱلْأَرْضُ ﴾ المزمل : ١٤ ﴿ مَّحْفُوظٍۭ ﴾ البروج : ٢٢

ب- جیاكردنەوەیان بە شوێنی دەرچوونیان : دەرچەی (ضاد) لێواری زمان لە گەڵ (خرێنەكانی سەرەوە) ، دەرچەی (ظاء) پێشەوەی زمان (طرف اللسان) لە گەڵ (تیغی برەڕی سەرەوە).


وەك (ابن الجزری) دەفەرموێ :


وَالضَّاد باستطَالَةٍ وَمخْرجٍ ميِّزْ   مِن الظَّاءِ وَكلُّهَا تَجِيْ

ج- جیاكردنەوەیان بە سیفەتی (الإستطالة) كە تەنها سیفەتی پیتی (ضاد)ە ، ئەگەر سەیری سیفەتەكانی تر بكەین وەك یەكن تەنها لەم سیفەتە نەبێت.

ظاء	الجهر	الرخاوة	الإستعلاء	الإطباق	الإصمات	
ضاد	الجهر	الرخاوة	الإستعلاء	الإطباق	الإصمات	الإستطالة


دەرچەی پیتی لام






لە نزیکترین بەشی دوو لێواری زمان
تا کۆتایی نزیکترینی زمان
لە گەڵ بەرامبەری خۆی لە مەلاشوو سەروو
.... وَاللاَّمُ : أَدناهَا لِمُنتَهَاهَا

ئەو شوێنەی زمان کە پیتی لام دەیگرێتەوە





*ناوچەی لام


لە نزیکترین لێواری زمان تا کۆتایی لێوار لە گەڵ تەنیشتی مەلاشووی سەرەوە

تێبینی /

پیتی (لام) فراوانترین شوێنی دەرچوونی هەیە ، فێرخواز دەتوانێ یەك لا زمانی بەکاربێنێ ،بەلام وا باوە لای راست ئاسانترە لە دەربڕین بە پێچەوانەوەی پیتی (ضاد) کە لای چەپی ئاسانترە لە دەربڕین.

بەراوردێك لە نێوان لامی قەڵەو و لامی لاواز (ناسك) :

لامی قـەڵەو:




- پیتی (لام) تەنها لە (لام)ی (لفظ الجلالة – الله) بە قەڵەوی دەخوێندرێتەوە ئەگەر (فتحة)یان (ضمة)ی لە پێش هاتبێت ،

نموونە:

﴿ وَٱللَّهُ ﴾الأنفال:٢٩﴿ عَبۡدُ ٱللَّهِ ﴾ الجن : ١٩


- لە گەڵ پیتی(لام)ی قەڵەو ناوەڕاستی زمان چاڵ دەبێت و تەنگیەك لە قوڕگ دروست دەبێت بە هۆی بەرزبوونەوەی كۆتایی زمان ، بەڵام لە گەڵ پیتی (لام)ی ناسك ناوەڕاستی زمان چاڵ نابێت و هیچ تەنگیەك لە قوڕگ دروست نابێت بە هۆی بەرزنە بوونەوەی كۆتایی زمان، نموونە :﴿أَنزَلۡنَآ ﴾



لامی لاواز:

وێنەی دەربڕینی (لامی) لاواز

دەرچەی پیتی نون




نـــون:

(طرف اللسان) پێشەوەی زمان کەمێك بۆ سەر پشتی زمان لەگەڵ پدوی ددانەکانی(دووانە) کەمێك لە ژێر دەرچەی (لام) لە گەڵ مینگە کە لە بۆشایی لووت (الخیشوم) دەردەچێ تەواوکەری یەکترن بەشی زمان تەواو کراوە ، و بەشی بۆشایی لووت تەواوکەرە.

نموونە: ﴿ ٱلْجَنَّةُ ﴾ ق : ٣١

وَالنُّونُ : مِنْ طَرْفِهِ تَحْتُ اجْعَلُوا ....

دەرچەی پیتی راء



راء:

(طرف اللسان) پێشەوەی زمان کەمێك بۆ سەرپشتی زمانەوە لە گەڵ پدوەکانی سەرەوە نزیك دەرچەی پیتی نون،

نموونە: ﴿هُوَ ٱلْبَرُّ ٱلرَّحِيمُ﴾ الطور: ٢٨

.... وَالرَّا : يُدَانِيهِ لِظَهْرٍأَدخَلُ

ئەو هەڵانەی دەکرێن لە پیتەکانی (لام) و (نون) و (راء)

١- بە قەڵەو خوێندنەوەی پیتی (لام)ـی ناسك ، بەهۆی هاتنی لە تەنیشت پیتی قەڵەو.

نموونە : ﴿وَلْيَتَلَطَّفْ﴾ الكهف : ١٩ ﴿وَعَلَى ٱللَّهِ﴾ النحل :٩

﴿وَلَا ٱلضَّآلِّينَ﴾ الفاتحة : ٧ ﴿سُلْطَٰنٍ﴾ غافر : ٥٦

٢- خوێندنەوەی پیتی (لام) بە هەژان (القلقلة) بە تایبەتی لەو ووشانەی (ساكن)ـن.

نموونە: ﴿وَٱنشَقَّ ٱلْقَمَرُ﴾ القمر : ١ ﴿عَلَّمَهُ ٱلْبَيَانَ﴾ الرحمن : ٤

٣- تێکەڵ کردنی دەنگی (لام) بە مینگە (غنة) بە هۆی نزیکی دەرچەیان لە یەکتری و کۆبوونەوەیان لە یەك ووشە.

نموونە : ﴿قُلْنَا ٱهْبِطُوا۟﴾ البقرة: ٣٨ ، ﴿وَجَعَلْنَا ٱلَّيْلَ﴾ النبأ : ١٠

٤- خوێندنەوەی پیتی (نون)ـی (ساكن) بە هەژان (القلقلة) ، بەهۆی پەلەکردنی زمان لە شوێنی دەرچوونی.

نموونە: ﴿مِنْهُمْ أَئِمَّةً﴾ السجدة:٢٤ ﴿تُغْنِىَ عَنْهُمْ﴾ المجادلة:١٧

﴿تُسْقَىٰ مِنْ عَيْنٍ ءَانِيَةٍ﴾ الغاشية:٥

٥- خوێندنەوەی پیتی (نون)ـی (ساكن) بە قەڵەوی بە هۆی هاتنی لە تەنیشت پیتی قەڵەو

نموونە: ﴿ٱلنَّخْلِ﴾ طه : ٧١ ﴿نُّقَٰتِلْ﴾ البقرة : ٢٤٦

بە تایبەتی لەو شوێنانەش: ﴿ٱلنَّٰصِرِينَ﴾ آل عمران : ١٥٠ ﴿ٱلنَّارِ﴾ المدثر : ٣١

٦- لوول کردنی دوو لێوەکان بۆ پێشەوە لە کاتی دەربڕینی پیتی (راء) بە هۆی هاتنی (ضمة) لە پێشی.

نموونە :

﴿ بُرۡهَـٰنَ ﴾ يوسف : ٢٤ ﴿ ٱلۡفُرۡقَانَ ﴾ الفرقان : ١

کە مەرجە لێوەکان لەباری (ساكن) دابن لە (راء)ی (ساكن).

٧- زێدەڕۆیی کردن لە دووبارەکردنەوەی پیتی (راء) بە هۆی پێك کەوتنی زمان بە پدوو لە جارێك زیاتر کە ڕێگەپێنەدراوە.

نموونە :

﴿ تُرۡجَعُ ٱلۡأُمُورُ ﴾ الحج : ٧٦ ﴿ ءَامَنُواْ ٱرۡكَعُواْ ﴾ الحج : ٧٧

❖ ﴿ تُرۡررجَعُ الأُمُورُ ﴾ بە هۆی پێککەوتنی زمان و پدوو لە جارێك زیاتر کە دەبێتە هۆی دروست بوونی چەند (راء)ێك.

❖ ﴿ ءَامَنُواْ ارۡرركَعُواْ ﴾ بە هۆی پێککەوتنی زمان و پدوو لە جارێك زیاتر کە دەبێتە هۆی دروست بوونی چەند (راء)ێك.


٨- نابێت پیتی (راء)ی (ساكن) تێکەڵ بکەین بە پیتی (لام)ی بزواو (متحرك).

نموونە:

﴿ فَٱغۡفِرۡ لَنَا ﴾ الأعراف : ١٥٥ ﴿ وَٱغۡفِرۡ لَنَا ﴾ الممتحنة : ٥ ،

لە ریوایەتی(حفص) بە دەرخستنی تەواو(رەها) (الإظهار المطلق) ناسراوە.


دەرچەی پیتی راء



لاربوونەوەی دەنگی پیتی (راء) لە هەردوو لا تەنیشتەکانی زمان لادەدا بۆ ناوەراستی پێشەوەی زمان ، لەو بۆشاییە کە لێیەوە دەردەچێت بەشێکی دەنگ لە دەربڕینی (راء) بە شێوازێك دەرچەکە داناخرێت بە تەواوی وەپارێزگاری دەکەین لە دووبارە نەبوونەوەیپیتی (راء) کە رێ پێنەدراوە دووبارە ببێتەوە .

بەراود لە نێوان رای قەڵەو و رای لاواز (ناسك)


(راء)ـی قەڵـەو:



لەگـەڵ پیتـی (راء)ـی قەڵـەو ناوەڕاستی زمان چاڵ دەبێت ، و تەنگیەك لە (قوڕگ) دروست دەبێت ، بە هۆی بەرزبوونەوەی کۆتایی زمان ،

نموونە: ﴿ ٱلرَّحۡمَٰنُ ﴾ یس: ١٥


(راء)ـی لاواز (ناسك):




لـە گـەڵ پیتـی (راء)ـی ناسـك کۆتـایی زمـان بـەرزنابێت ، و هـیچ تەنگیـەك لـە (قـوڕگ) دروسـت نابێـت بـە پێچـەوانەی (راء)ـی قەڵەو.

نموونە: ﴿ ٱلرِّبَوٰاْ ﴾ النساء: ١٦١

دەرچەی پیتەکانی طـاء و دال و تـاء



طـــاء



دال و تـــاء

پێشەوەی زمان (طرف اللسان) لە گەڵ ڕەگی دوو ددانی سەرەوەی لای پێشەوەشوێنی دەرچوونی پیتەکانی (طـاء – دال – تـاء) ، ئەم سێ پیتە بە سیفات لێك جیا دەکرێنەوە هەر پیتێك لەو پیتانە دەرچەیەکی تایبەت بە خۆی هەیە.

وَالطَّاءُ وَالدَّالُ وَتَا : مِنهُ وَمِنْ عُلْيَا الثَّنايَا..........

ئەو هەڵانەی دەکرێن لە پیتەکانی (طاء – دال – تاء) :-

١- تێکەڵ کردنی پیتی (تاء) بە (طاء) بە هۆی لە یەك شوێن دەرچوونیانەوە.

نموونە : ﴿ٱسۡتَطَٰعُواْ﴾ البقرة : ٢١٧

٢- نابێت سیفەتی (الهمس) بە پیتی(طاء) بدەین ، بە تایبەتی کە (ساکن) بێت.

نموونە : ﴿شَطۡرَهُۥ﴾ البقرة : ١٥٠

٣- گۆڕینی پیتی (تاء) بە (طاء) بە هۆی هاتنی لە تەنیشت پیتی قەڵەو.

نموونە : ﴿ٱلۡمُسۡتَقِيمَ﴾ الفاتحة : ٦

٤- گۆڕینی پیتی (طاء) بە (تاء) بە هۆی هاتنیان لە تەنیشت یەکتری.

نموونە : ﴿ٱسۡتَطَعۡتُمۡ﴾ الرحمن : ٣٣


٥- گۆڕینی پیتی (دال) بە (تاء) بە هۆی لە یەك شوێن دەرچوونیان و بایەخ نەدان بە سیفەتی هەژان (القلقلة) لە پیتی (دال).


نموونە : ﴿وَأَعۡتَدۡنَا﴾ النساء : ٣٧

٦- گۆڕینی پیتی (دال) بە (تاء) بەهۆی بایەخ نەدان بە سیفەتی (الجهر) لەپیتی (دال)دا.

نموونە : ﴿ٱلدِّينِ﴾ الفاتحة : ٤

دەرچەی پیتەکانی صاد و سین زای





صاد   سین و زای

پێشەوەی زمان (طرف اللسان) لە گەڵ ڕەگی دوو ددانی خوارەوە دەنگ لە نێوان دوو دووانەی سەرەوە و خوارەوە دروست دەبێت٠

عُلْيَا الثَّنايَا والصَّفِيْرُ : ....

مُسْتَكِنْ مِنْهُ وَمِنْ فَوْقِ الثَّنايَا السُّفْلَى ....

ئەو هەڵانەی دەکرێن لە پیتەکانی (صاد – سین – زاي):-

١- گۆڕینی پیتی (صاد) بە (سین).

نموونە : ﴿مَخۡمَصَةٍ﴾ المائدة : ٣

٢- گۆڕینی پیتی (صاد) بە (زاي) بە تایبەتی (همزة) ی پچڕاوی لە پێش بێت.

نموونە : ﴿وَمَنۡ أَصۡدَقُ مِنَ ٱللَّهِ حَدِيثٗا﴾ النساء : ٨٧

٣- گۆڕینی پیتی (زاي) بە (سین) بە هۆی بایەخ نەدان بە سیفەتی (الجهر) لە پیتی (زاي) کە تەنها بەو سیفەتە لێك جیا دەکرێنەوە .

نموونە : ﴿وَٱلرُّجۡزَ﴾ المدثر : ٥ ﴿رِزۡقًا﴾ النحل : ٧٣

٤- گۆڕینی پیتی (سین) بە (صاد) بەهۆی هاتنی لە تەنیشت پیتی قەڵەو.


نموونە : ﴿بَسَطتَ﴾ المائدة: ٢٨ ﴿يُسۡقَوۡنَ﴾ المطففين: ٢٥ ﴿يَسۡطُونَ﴾ الحج: ٧٢


٥- گۆڕینی پیتی (سین) بە (زاي).

نموونە : ﴿ٱلۡمَسۡجِدِ﴾ البقرة : ١٩٦

بە تایبەتی لەم نموونە : ﴿رِجۡسًا إِلَىٰ رِجۡسِهِمۡ﴾ التوبة: ١٢٥

دەرچەی پیتەکانی ظاء و ذال ثاء





پێشەوەی زمان (طرف اللسان) لە گەڵ تیغی دووانەی سەرەوە شوێنی دەرچوونی ئەم سێ پیتەیە (ظاء - ذال - ثاء)

والظَّاءُ وَالذَّالُ وَثَا : لِلعُلْيَا ....

تێبینی / لە جیاوازی نێوان ئەم دوو وێنەیە بۆمان دەردەکەوێت لە پیتی (ظاء) کۆتایی زمان بەرز دەبێتەوە و تەنگیەك لە (قورگ) دروست دەبێت ، بەڵام لە پیتی (ذال - ثاء) کۆتایی زمان بەرز نابێتەوە زمان لە باری ئاسایی دایە.

ئەو هەڵانەی دەکرێن لە شوێنی دەرچوونی پیتەکانی

(ظـــاء – ذال– ثـــاء) :

١- گۆڕینی پیتی (ظاء) به (ضاد).

نموونە : ﴿أَظْلَمُ﴾ البقرة : ١١٤

٢- گۆڕینی پیتی (ظاء) بە پیتی (زاي)یەکی قەڵەو.

نموونە : ﴿ٱلظُّلُمَٰتِ﴾ البقرة : ٢٥٧

٣- گۆڕینی پیتی (ذال) بە پیتی (زاي).

نموونە : ﴿ٱلَّذِينَ﴾ البقرة : ٣

٤- تێکەڵ کردنی پیتی (ذال) بە پیتی (ثاء).

نموونە : ﴿مِنۢ بَعْدِ إِذْنِهِۦ﴾ یونس : ٣

٥- تێکەڵ کردنی پیتی (ثاء) بە پیتی (سین).


نموونە: ﴿ٱلْكَوْثَرَ﴾ الكوثر : ١

تێبینی/ چارەسەری ئەم هەڵانە بە ئاشکرا کردنی دەرچەی پیتەکان و بایەخ دان بە پێدانی سیفەتە (خۆیی یەکان) دەبێت کە لە خودی پیتەکان جیا نابێتەوە

دەرچەی پێشەوەی زمان (مخارج طرف اللسان)

- نون
- راء
- پیتەکانی پێشەوەی مەلاشوو (طاء ، دال ، تاء)
- پیتەکانی فیکە (صاد ، سین ، زاي)
- پیتەکانی نزیک پدوو (ظاء ، ذال ، ثاء)


بەشەکانی زمان



تێبینی

دەبێ ئاگادار بین پێشەوەی زمان (طرف اللسان) جیاوازی هەیە لە گەڵ سەری زمان (راس اللسان) هەروەك لەم وێنەیەدا دەردەکەوێ.

دەرچەی پیتی فاء



فـاء :

دووانەی سەرەوە لە گەڵ ناوەڕاستی


ژوورەوەی لێوی خوارەوە.

نموونە : ﴿ فَلَا تَقُل لَّهُمَآ أُفٍّ ﴾

مِن طَرَفَيْهِمَا ، وَمِنْ بَطْنِ الشَّفَهْ :

فَالْفَا مَعَ اطرافِ الثَّنَايَا الْمُشْرِفَهْ

دەرچەی پیتی واوی (نـا مەددی)



واوی (نامەددی):

لێوەکان بە بازنەیی و کراوەیی بۆ

پێشەوە بێت لەگەڵ بەرز بوونەوەی


کۆتایی زمان.

لِلشَّفَتَيْنِ : الْوَاوُ بَاءٌ مِيمُ

. . . .

نموونە : ﴿ وَإِنَّ لَكَ مَوْعِدًا لَّن تُخْلَفَهُۥ ﴾


طه: ٩٧



تێبینی

بە بەرزبوونەوەی کۆتایی زمان لە دەربڕینی پیتی(واو) دەنگ بەرزنابێتەوە بۆ مەلاشووی سەروو، وە تەنگی لە قوڕگ دروست نابێت.

دەرچەی پیتی باء



بــاء :


بە یەکتر گەیاندنی دوو لێوەکان بە بێ بوونی بۆشایی لە نێوانیاندا.

نموونە: ﴿فَٱنصَبۡ﴾ الشرح: ٧

تێبینی / زانایان پیتی (باء) ناو دەبەن بە (بەحری) پیتی (میم)یش ناو دەبەن بە (بەڕڕی) چونکە لەدەبڕینی پیتی (باء) بەشی تەڕی لێوەکان بە کار دێت بەڵام لە لەدەبڕینی پیتی(میم) بەشی ووشکی لێوەکان بەکاردێت.

دەرچەی پیتی (میم)

میم :



بە یەکتر گەیاندنی دوو لێوەکان بەمەرجێك دەنگی مینگەی لە گەڵدابێت لە بۆشایی ناو لووت، زانایان بەشی لێوەکانیان لە پیتی (میم) ناوناوە بە نیوەی تەواو کراو، وە بەشی بۆشایی ناو لووتیان (الخیشوم) ناوناوە بە نیوەی تەواو کار.

نموونە: ﴿أَلَمۡ يَعۡلَم﴾ العلق: ١٤

چەند تێبینی یەك لە سەر پیتەكانی (فـــاء – بـــاء – واو)ی ئامەددی:

١- پێویستە وریا بین پیتی (قاء) نەگۆڕین بە پیتی (ڤ)ی كوردی بە هۆی زیاتر فشار خستنە سەر لێوی خوارەوە لە دیوی ناوەوە.

٢- نابێت پیتی (فاء) تێكەڵ بكرێت بە پیتی (واو) بە هۆی شوێنی دەرچونیانەوە.

نموونە :

﴿ لَا تَخَفْ وَلَا تَحْزَنْ ﴾ العنكبوت: ٣٣

٣-لە كاتی بە یەك گەیشتنی دوو (فاء)ی بزواو (متحرك) پێویستە (اظهار) بكرێت.

نموونە :

﴿ أَن يُخَفِّفَ عَنكُمْ ﴾ النساء: ٢٨ ﴿ ٱلْـَٔـٰنَ خَفَّفَ ٱللَّهُ عَنكُمْ ﴾ الأنفال:٦٦

٤- پێویستە وریا بین پیتی (باء) نەگۆڕین بە پیتی (پ)ی كوردی.

بە تایبەتی لەم نموونەیە :

﴿ أَصْحَـٰبَ ٱلسَّبْتِ ﴾النساء: ٤٧.

٥- نابێت پیتی (باء) بە قەڵەوی بخوێندرێتەوە بە هۆی هاتنی لە تەنیشت پیتی قەڵەو.

بە تایبەتی لەم ووشانە :

﴿ ٱلْبَرْقُ ﴾ البقرة : ٢٠ ﴿ ٱلْبَـٰطِلُ ﴾ الإسراء : ٨١ ﴿ كِتَـٰبَ ٱللَّهِ ﴾ النساء : ٢٤

٦-له پیتی (واو)ـی نا مەددی پێویستە فێرخواز راهێنان بە لێوەکانی بکات.

وەك ئەم نموونانە :

﴿سَمَٰوَٰتٍ﴾ البقرة : ٢٩ ، ﴿وَهُوَ﴾ البقرة : ٢٩ ، ﴿عَدُوٌّ﴾ البقرة : ٣٦ ،

﴿أَن لَّوْ﴾ سبأ : ٣ ، ﴿لَوَّوْا﴾ المنافقون : ٣ ، ﴿قَوْمِ﴾ إبراهيم : ٩

٧- نابێت پیتی (واو) بە قەڵەوی بخوێندرێتەوە بە هۆی هاتنی لە تەنیشت پیتی قەڵەو.

بە تایبەتی لەم ووشانە :

﴿خَوَّانًا﴾ النساء: ١٠٧ ﴿قَوَّٰمِينَ﴾ المائدة : ٨ ﴿وَٱتَّقُواْ ٱللَّهَ﴾ المائدة : ٨

٨-لە پیتی (واو)ـی نامەددی لە کاتی وەستان لەسەری بە (شەددە) پێویستی بە پاڵەپەستۆی دەنگ هەیە لە دەربڕین.


نموونە:

﴿عَدُوٌّ﴾ البقرة : ٣٦


دەرچەی مینگە لە کاتی هەبوونی لە پیت

بریتی یە لەو دەنگەی کە دەردەچێت لە بۆشایی ناو لووت (الخیشوم) وتایبەتە بە (میم و نون) و بەردەوام لەگەڵیاندایەولێیان جیانابێتەوە.

.... وَغُنَّةٌ : مَخْرَجُهَا الخَيْشُومُ).



(نون) بێ مینگە نابێت




(میم) بێ مینگە نابێت

تێبینی

- دەبێت فێرخواز وریا بێت لە دەربڕینی پیتی (میم) هەردوو لێوەکان لە سەر یەکتر دابنێت و پەلەی تێدا نەکات ئەگەر نا سیفەتی هەژان (قلقلة) وەردەگرێت.
- مینگە (غنة) دەنگی هەیە و شوێنی دەرچوونیشی هەیە، بەڵام وەك پیت (رسم) و وێنەی نیە لە نوسیندا.
- نابێت پیتی (میم) بەقەڵەوی بخوێندرێتەوە بەهۆی هاتنی لە تەنیشت پیتی قەڵەو بە تایبەتی لەم ووشانە : ﴿مَخۡمَصَةٍ﴾ المائدة: ٣


﴿مَرَضًا﴾ البقرة: ١٠ ﴿ٱلۡمَصِيرُ﴾ الأنفال: ١٦

شوێنی دەرچوونی پیتەکانی زمانی عەرەبی بە گشتی




(إتمام حركات الحروف)


تەواو هێنان و ڕێك و پێكی جووڵەی پیتەکان (فتحة - ضمة - کسرة)




١- پێویستە لە سەر قورئان خوێن دەمی تەواو بکاتەوە لە کاتی دەربڕینی ئەو پیتەی کە (مفتوح)ـە ، هەروەك چۆن پیتی (الف) دەردەبڕێ ، وەزمانیش لەباری ئاسایی دادەبێت•



٢- پێویستە لە سەر قورئان خوێن دوو لێوەکانی بە بازنەی کراوەیی بۆ پێشەوە بێنێت لە کاتی دەربڕینی ئەو پیتەی کە (ضمة) یە ، هەروەك چۆن پیتی (واو) دەردەبڕی.



٣- پێویستە لە سەر قورئان خوێن چەناگەی خوارەوە دابەزێنێت و ناوەڕاستی زمان بەرزکاتەوە بۆ مەلاشوی سەروو لە کاتی دەربڕینی ئەو پیتەی کە (مكسور)کەسرەی لەژێرە، هەروەك چۆن پیتی (ياء) دەردەبڕێ.



٤- ئەو پیتەی (ساكن)ـە لە شوێنی بنەڕەتی خۆی دەردەچێت بە بێ ئەوەی هیچ کام لەوانەی پێشتری لە گەڵدا بێت، وە بەگوێرەی سیفە تی پیتەکە تایبەتمەندی خۆی دەبێت. بۆنموونە پیتی (فاء)ـی (ساكن).

الوقف بـدون (مـدّ)

بريتيه له وەستان لەسەر كۆتايی ووشه به مەرجێك پيتی پێش كۆتايی پـيتی درێـژ كردنـەوه: (ـَا ، ـُو ، ـِي) و (اللـين): (ـَو ، ـَي) نەبێت٠

تێبينی :

پێويسته فێر خواز ڕاهێنـان به زمان و شـەويلاكی بكات لـه دەربـڕينی دوو پيتی زەنه دار (سـاكن) لەدوای يەك.

وەكو (إبن الجزري) ڕەحمەتی خوای لیٚ بیٚ دەفەرمویٚ :

وَلَيسَ بَيْنَـهُ وَبَيْنَ تَـرْكِـهِ إلاَّ رِيَاضَـةُ امْـرِئٍ بِفَكِّـهِ

خشتـەی وەستـان (الوقف) لەسەرئەو ووشانەی كه پيتەكانی درێـژ كـردنەوه (ـَا ، ـُو ، ـِي) له پێش كۆتايی يان دانەهاتووه

پيتەكان	ووشـه	زەنـەداری بنـەڕەتی (سكـون اصلي)	زەنـەداری تـوش هاتوو (سكـون عـارض)
ل + ف	﴿غُلْفٌ﴾ البقرة: ٨٨	ل	ف
ر + ض	﴿وَٱلْأَرْضِ﴾ البقرة: ١٠٧	ر	ض
أ + س	﴿ٱلْبَأْسِ﴾ البقرة: ١٧٧	أ	س
م + هـ	﴿فَلْيَصُمْهُ﴾ البقرة: ١٨٥	م	هـ

ت + ل	﴿ٱلْقَتْلِ﴾ البقرة: ١٩١	ت	ل
د + ي	﴿ٱلْهَدْيِ﴾ البقرة: ١٩٦	د	ي
س + ل	﴿وَٱلنَّسْلَ﴾ البقرة: ٢٠٥	س	ل
ث + م	﴿بِٱلْإِثْمِ﴾ البقرة: ٢٠٦	ث	م
م + ر	﴿ٱلْأَمْرُ﴾ البقرة: ٢١٠	م	ر
ف + و	﴿ٱلْعَفْوَ﴾ البقرة: ٢١٩	ف	و
س + م	﴿وَٱلْجِسْمِ﴾ البقرة: ٢٤٧	س	م
ت + هـ	﴿فَأَهْلَكَتْهُ﴾ آل عمران: ١١٧	ت	هـ
ف + ر	﴿ٱلْكُفْرِ﴾ آل عمران: ١٧٦	ف	ر
ص + ف	﴿ٱلنِّصْفُ﴾ النساء: ١١	ص	ف
ح + ت	﴿ٱلسُّحْتَ﴾ المائدة: ٦٢	ح	ت
هـ + و	﴿وَلَهْوٌ﴾ الأنعام: ٣٢	هـ	و
ح + ر	﴿وَٱلْبَحْرِ﴾ الأنعام: ٥٩	ح	ر
ب + ل	﴿قَبْلُ﴾ الأعراف: ١٧٣	ب	ل
هـ + د	﴿عَهْدٍ﴾ الأعراف: ١٠٢	هـ	د
ر + ش	﴿ٱلْعَرْشِ﴾ يونس: ٣	ر	ش

ل + هـ	﴿بَدِّلْهُ﴾ يونس: ١٥	ل	هـ
ل + م	﴿الْعِلْمُ﴾ يونس: ٩٣	ل	م
ب + ح	﴿الصُّبْحُ﴾ هود: ٨١	ب	ح
ئـ + ب	﴿الذِّئْبُ﴾ يوسف: ١٣	ئـ	ب
غ + ي	﴿وَالْبَغْيِ﴾ النحل: ٩٠	غ	ي
ب + غ	﴿نَبْغِ﴾ الكهف: ٦٤	ب	غ
ح + ي	﴿بِالْوَحْيِ﴾ الأنبياء: ٤٥	ح	ي
ف + ل	﴿الْكِفْلِ﴾ الأنبياء: ٨٥	ف	ل
ن + هـ	﴿مِنْهُ﴾ الحج: ٧٣	ن	هـ
م + س	﴿بِالْأَمْسِ﴾ القصص: ١٩	م	س
ر + هـ	﴿اسْتَجِرْهُ﴾ القصص: ٢٦	ر	هـ
هـ + ب	﴿الرَّهْبِ﴾ القصص: ٣٢	هـ	ب
ع + د	﴿بَعْدُ﴾ الروم: ٤	ع	د
ك + ر	﴿الذِّكْرِ﴾ ص: ١	ك	ر
ع + ض	﴿بَعْضٍ﴾ الجاثية: ١٩	ع	ض
هـ + ر	﴿الدَّهْرُ﴾ الجاثية: ٢٤	هـ	ر

ض + ن	﴿يَحِضۡنَ﴾ الطلاق: ٤	ض	ن
ض + ن	﴿وَيَقۡبِضۡنَ﴾ الملك: ١٩	ض	ن
هـ + ل	﴿كَٱلۡمُهۡلِ﴾ المعارج: ٨	هـ	ل
هـ + ن	﴿كَٱلۡعِهۡنِ﴾ المعارج: ٩	هـ	ن
ص + ر	﴿كَٱلۡقَصۡرِ﴾ المرسلات: ٣٢	ص	ر
ف + ر	﴿صُفۡرٞ﴾ المرسلات: ٣٣	ف	ر
ج + ع	﴿ٱلرَّجۡعِ﴾ الطارق: ١١	ج	ع
د + ع	﴿ٱلصَّدۡعِ﴾ الطارق: ١٢	د	ع
ص + ل	﴿فَصۡلٞ﴾ الطارق: ١٣	ص	ل
ز + ل	﴿بِٱلۡهَزۡلِ﴾ الطارق: ١٤	ز	ل
ج + ر	﴿وَٱلۡفَجۡرِ﴾ الفجر: ١	ج	ر
ت + ر	﴿وَٱلۡوَتۡرِ﴾ الفجر: ٣	ت	ر
د + ر	﴿ٱلۡقَدۡرِ﴾ القدر: ١ – ٢	د	ر
هـ + ر	﴿شَهۡرٖ﴾ القدر: ٣	هـ	ر
س + ر	﴿خُسۡرٍ﴾ العصر: ٢	س	ر

بۆ دەربڕینی پیتەکان پێویستمان بەم نزاو پارانەوەیە ، کە پێغەمبەر موسی (علیه السلام) داوای لە خوای پەروەردگار کرد﴿رَبِّ ٱشۡرَحۡ لِي صَدۡرِي ، وَيَسِّرۡ لِيٓ أَمۡرِي ، وَٱحۡلُلۡ عُقۡدَةٗ مِّن لِّسَانِي ، يَفۡقَهُواْ قَوۡلِي﴾

بەشی دووەم

سیفەتی پیتەکان

سيفەتى پيتەكان

هەروەك لە پێشتر بۆمان روون بۆوە كە بە زانينى شوێنى دەرچوونى پيتەكان ، قورئان خوێن بە شێوەيەكى زۆر باش و بە زمانێكى پاراو پيتەكانى قورئان دەخوێنێ .

سيفەت لە زمانەوانيدا :

بريتيە لە هەڵسان بە شتێك لە واتا ماددى يە كان (بينراوەكان) يان مەعنەوييەكان(نە بينراوەكان)

ماددى يە كان (بينراوەكان) ، وەكو : درێژى ، كورتى ، سپياتى ، سوراتى.... هتد

مەعنەويەكانيش (نە بينراوەكان) وەكو : زانست ، ئەدەب ، خانەدانى ، زيرەكى ، حەيا ... هتد.

سيفەت لە زاراوەدا:

بريتييە لە چۆنيەتى دەركەوتنى پيت لە شوێنى دەرچوونى ، كە لە ڕێگەى ئەوەوە دەزانين ئەم پيتە ئاشكرايە واتا (مجهور) يان چرپە - شاراوەيە - (مهموس) يان توند - بەهێزە - (شديد) يان لەرينەوەيە - هەژانە - (مُقَلْقل)ـە و ••••••• هتد.

سوودەکانی زانینی سیفەتی پیتەکان :

جیاکردنەوەی ئەو پیتانەی کە هەمان شوێنی دەرچوونیان هەیە یان لێك نزیکن (إبن الجزري) فەرموویەتی : هەر پیتێك هەمان سیفەتی هەبوو لە گەڵ یەکتری ئەوە لە شوێنی دەرچوونیان لێك جیا دەکرێنەوە، و هەر پیتێك هەمان شوێنی دەرچوونی هەبێت لەگەڵ یەکتری ئەوە تەنها بە سیفەتەکانی لێك جیادەکرێنەوە ، ئەگەر ئەوەش نەبێ ئەوە دەنگی پیتەکان دەرناچێ تاکو گوێت لێ بێت هەروەك دەنگی ئاژەڵەکان کە هیچ واتایەکی روونی نییە ، بۆ نموونە پیتەکانی (ثاء ، ذال ، ظاء) یەك شوێنی دەرچوونیان هەیە بەڵام بە بوونی سیفەتەکانی بەرزبوونەوە (الاستعلاء) و پێوەنووسان (الاطباق) لە پیتی (ظاء) ئەوا پیتەکە وەك خۆی ماوەتەوە ئەگەر ئەو دوو سیفەتە نەبووایە ئەو کاتە ئەگۆڕا بۆ پیتی (ذال)، و ئەگەر سیفەتی چرپە - شاراوە- (الهمس) نەبایە لە پیتی (ثاء) ئەوە ئەو کاتە ئەبوو بە (ذال).

١- زانینی پیتە بەهێزەکان و بێ هێزەکان کە بەهۆی ئەویش – واتا :سیفەتی پیتەکان– ئەزانرێ کامەیان ئەکرێ تێك هەڵکێشانی بۆ بکرێ لەگەڵ پیتێکی تر و کامەیان ناکرێ ، ئەو پیتە بەهێزەی کە تایبەتمەندییەکی هەیە لە سەر پیتەکانی تر ئەوە ناکرێ لە گەڵ پیتێکی بێ هێز تێك هەڵکێش بکرێ بۆ ئەوەی تایبەتمەندییەکەی لە دەست نەدا ، بۆ نموونە پیتی (طاء) پیتێکی بەهێزە و پیتی (تاء) پیتێکی بێ هێزە ، ئەگەر هاتوو پیتی (تاء) زەنەدار (ساكن) بوو و لە پێشی پیتی (طاء) هات ئەوا تێك هەڵکێشانی تەواو ڕوودەدات لە

نێوان پیتی (تاء) و (طاء) وەکو :﴿ وَدَّت طَّآئِفَةٌ ﴾ آل عمران: ٦٩ ، بەڵام ئەگەر هاتوو پیتی (طاء) لە پێشی پیتی (تاء) هاتبوو ئەوا تێك هەڵکێشانی ناتەواو ڕوودەدات بۆ ئەوەی سیفەتی بەهێزی (طاء) لە دەست نەدات ، وەهەروەها سیفەتەکانی بەرزی و پێوەنووسان (الاستعلاء ، الاطباق) لە دەست نەدا بەڵکوتەنها سیفەتی لەرینەوە (القلقلة) لە دەست ئەدات وەکو : ﴿بَسَطتَ﴾ المائدة: ٢٨ ، بەلآم لە هەندێ کاتدا تێك هەڵکێشان لە نێوان بەهێز و بێ هێز ڕوودەدات ئەگەر هاتوو لە (ریوایەتەکە) بە تێك هەڵکێشان هاتبوو ، هەروەك وتمان (تێك هەڵکێشان لە نێوان بەهێز و بێ هێز) نابێت ئەمە لە ڕوانگەی زانستی یەوە ، بەلآم لە قورئان دا (ریوایەت) لە پێش زانست یاخود زانین دێت ، چونکە ئەو بنەما بنەڕەتی یەی (أصلي) کە قورئان لە سەری وەردەگیرێت بریتی یە لە (ریوایەت) نەك زانست و زانین ، و نموونەش بۆ ئەمە ووشەی : ﴿نَخْلُقكُّم﴾ المرسلات: ٢٠

٢- باش دەربڕینی پیتەکان : ئەگەر هاتوو پیتەکان کۆ بوونەوە لە ووشەیەك یاخود لە تەنیشت یەك هاتبوون ، وەك جیاکردنەوەی پیتی ناسك لە پیتی قەڵەو ، ئەگەر پیتێکی قەڵەو لە تەنیشت پیتێکی ناسك بوو، نموونە :﴿ يَخْتَصُّ ﴾البقرة:١٠٥ ﴿حَصْحَصَ﴾یوسف:٥١ ﴿ صَفْصَفًا ﴾طه:١٠٦ هەروەها بە ڕزگارکردنی پیت لە مینگە ئەگەر هاتوو پیتێکی بە مینگەی لە تەنیشت هاتبوو نموونە :

﴿فِى مَخْمَصَةٍ﴾ المائدة: ٣ ﴿تُنْهَوْنَ﴾ النساء: ٣١ ﴿ٱلْأَنْهَٰرُ﴾الرعد: ٣٥

ڕای زانایان لە ژمارەی سیفەتی پیتەکان:

زانایان ڕای جیاوازیان هەیە لە سەر ژمارەی سیفەتی پیتەکان ، هەندێ لە زانایان ئەڵێن (حەڤدە) سیفەتە وەکو ئیمامی(إبن الجزري)، بەڵام هەندێ لە زانایان ئەڵێن (شازدە) سیفەتە وەکو (ئیمام شاطبي و سخاوي) لە بەر ئەوەی هەردووکیان هەڵسان بە لادانی هەردوو سیفەتی زمان تیژی و قەدەغەبوون (الإذلاق – الاصمات) لەبەر ئەوەی هیچ پەیوەندییەکیان بە زانستی تەجوید نییە ، بەڵام هەڵسان بە زیادکردنی سیفەتی (الهوائية) لە پیتی (ئەلیف) واتا ئەو سیفەتەی کە بە دەرکردنی هەوا لە دەم دەردەچێ ، وە هەندێ لە زانایان (بیست) سیفەت بۆ پیتەکان دەژمێرن وە هەندێکی تر ئەڵێن پیت (چل) سیفەت و نازناوی هەیە.

ئێمە مەزهەبی (إبن الجزري)مان هەڵبژارد لەبەر ئەوەی زۆربەی ڕای زانایان لەسەر ئەوە کۆکن کە (حەڤدە) سیفەتە .

دابەش کردنی سیفەتەکان:

دەربارەی دابەشکردنی سیفەتی پیتەکان (ابن الجزري) – رحمه الله – و زۆرینەی زانایە پێشینەکان بۆ هاودژەکان (دە) سیفەتیان داناوە ، وە بۆ ئەو سیفەتانەش کە هاودژیان نیە (حەوت) یان داناوە . ئێمەش لێرەدا ئاماژە بە هەردوو سیفەتی شاراوە (الخفاء) و مینگە (الغنة) دەکەین بەم شێوەیە: پیتەکانی (الخفاء) بریتین لە (چوار) پیت : (هاء) و پیتەکانی درێژکردنەوە (المد) (ا ، و ، ي) کە لە ووشەی (هاوي) دا کۆکراونەتەوە . وە پیتەکانی(الغنة) ش بریتین لە: (م ، ن).

چرپە - شاراوە - (الهمس)

و

ئاشکرا (الجهر)

پیتەکانی زمانی عەرەبی لە رووی هەناسە گیربوون و هەناسە رۆیشتن

چرپە (شاراوە) (١٠)

(سَكَتَ فَحَثَّهُ شَخْصٌ)

ئاشکرا (١٩)

ئەو پیتانەی کە ماون


چرپـه (الهـمس)

له زمانەوانیدا : چرپه – شاراوه –

لـه زاراوەدا : بریتیـه لـه شـاراوەیی دەنـگ لـه بیسـتن دا لـه ئـەنجامی کرانـەوەی دوو دەنگـه ژێیـەکان و نەهـەژانیان بـه ڕۆیشـتنێکی زۆری هەوای هەناسه له پیتەکانی (الهمس) ، وەژمارەی پیتەکانیشی بریتین لـه ده پیت که کۆکراونەتـەوه لـەم رستـەیەدا :(فَـحثَهُ شَخصٌ سَكَتْ) ، بـەهێزترین پیتەکـــانـــی (الهمس) بـریتین لـه : (صـاد ، خـاء) ، و پیتەکانی مام ناوەندی : (کـاف ، تـاء) ولاوازتـرینی پیتـەکان : (فـاء ، حاء ، ثاء ، هاء).

(إبن الجزري) ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەفەرموێ:

مَهْمُوسُهَا : فَحَثَّهُ شَخْصٌ سَكَتْ.......



وێنـەی راستـەقینه له دوو دەنگه ژێیەکان له باری چرپەدا


نموونه : ﴿ إِذَا ٱلشَّمْسُ كُوِّرَتْ ﴾ التكوير: ١

ئاشكـرا (الجهـر)

لە زمانەوانیدا : واتە ئاشكرا.


لـە زاراوەدا : بریتیـە لـە ئاشـكرا كردنـی دەنـگ و بیسـتنی بـەروونی لـە ئـەنجامی لێكـدانی دوو دەنگـە ژێیـەكانی و هـەژانیان و گیربـوونی نۆری هەوای هەناسە لە پیتـەكانی ئاشكرا (الجـهر) كە ژمارەیان بریتیە لـە (١٩) پیت ، كە كۆكراونەتەوە لەم رستەیەدا :(عَظُمَ وَزْنُ قارِئٍ غَضٍ ذِي طَلَبٍ جدّ)

صِفَاتُها : جَهْرٌ وَ رِخْوٌ مُسْتَفِلْ   مُنْفَتِحٌ مُصْمَتَةٌ : وَالضِّدَّ قُل



وێنەی راستەقینەی دەم لە باری (الجهر) ئاشكرادا.

نموونە: ﴿ اقْتَرَبَتِ السَّاعَةُ وَانشَقَّ الْقَمَرُ ﴾ القمر: ١



ژێیە دەنگەكان لە باری چرپەدا (الهمس) لەپیتی (سین)

ژێیە دەنگەكا ن لە باری ئاشكرادا (الجهر) لەپیتی (زاي)

شوێن و جێگەی دوو دەنگە ژێیەكان لە باری چرپە (الهمس) و ئاشكرادا (الجهر)

پیتەکانی زمانی عەرەبی

لە رووی رۆیشتنی دەنگ لە شوێنی دەرچەی پیت

توندی	لە نێوان توندی و خاوی	خاوی
(أَجِدُ قَطٍ بَكَتْ)	(لِنْ عُمَرُ)	ئەو پیتانەی کە ماون


توندی (الشدة)

(أَجِدُ قَطٍ بَكَتْ)

لە زمانەوانیدا : واتە بەهێزی و توندی

لە زاراوەدا : بریتیە لە تێپەڕنەکردن و گیرانی دەنگ لە دەربڕینی پیتی توندی(الشدة) لە ئەنجامی داخرانی شوێنی دەرچەکە.

شَدِيدُهَا لَفظُ : أَجِدُ قَطٍ بَكَتْ ....




﴿وَمَا صَاحِبُكُم بِمَجْنُونٍ﴾ التكوير: ٢٢

پیتەکانی توندی


ئاشکرا
(قُطْبُ جَدٍّ + الهَمزة)

چرپە و شاراوە
(الكاف ، التَّاء)

دەرچوونی دەنگ دوای گیرانەوەی لەو پیتەی کە توند و ئاشکرایە



پیتی (جیم) لە کاتی
دەرچوونی دەنگەکەی



پیتی (جیم) لە دوای
دەرچوونی دەنگەکەی


پاڵە پەستۆی دەنگە گیراوەکە لە دواوەی دەرچەی پیتەکە و پاشان دەرچوونی نیشانە -(سهم)ی وێنەی لای چەپ- زمان ڕەوانی و هاوسەنگی دەنگ دیاری دەکات ، پێویستە ڕاهێنان بە زمان بکرێت بە پیتی (شەددە).

نموونە : ﴿وَإِذَا ٱلْبِحَارُ فُجِّرَتْ﴾ الانفطار: ٣ ﴿وَلَا جِدَالَ فِي ٱلْحَجِّ﴾ البقرة: ١٩٧


﴿إِنَّ كِتَٰبَ ٱلْفُجَّارِ لَفِي سِجِّينٍ﴾ المطففين: ٧

دەرچوونی هەوای هەناسە دوای گیرانەوەی دەنگ
لە پیتی توند (شدید) و چرپە (مهموس)

تێبینی / سیفەتی توندی و چرپە لە پیتی (کاف و تاء) دوو سیفەتن لەسەر ریزبەندی ئەم دوو پیتانە لە دەست پێکا سیفەتی توندی تیایان دا بەرجەستە دەبێت لە کۆتاییدا سیفەتی چرپە بە دوایەوە دێت.



پیتی (کاف) لە کاتی گرتنەوەی دەنگ



پیتی (کاف) لە کاتی دەرچوونی هەوای هەناسە

دەرچوونی هەناسە دوای گیرانەوەی دەنگ لە کاتی دەربڕینی پیتی توندی و چرپە ئەمەشیان لە پیتی (کاف و تاء).

نموونە :


﴿فِي شَكٍّ﴾ سبأ: ٢١ ﴿وَإِذَا ٱلْبِحَارُ سُجِّرَتْ﴾ التكوير: ٦

خـاوی و نـەرمی (الرخوة)

له زمانەوانیدا : واته خاوی و نەرمی.

له زاراوەدا : بریتیه له ڕۆیشتنی تەواوی دەنگی پیته خاوەکان له کاتی تێپەڕبوونی له شوێنی دەرچوونی، ژمارەی پیته خاوەکان (الرخوة) شازده پیتن :

(حاء ، خاء ، ذال ، زاي ، ثاء ، سين ، شين ، ألف ، صاد ، ضاد ، ظاء ، واو ، غين ، فاء ، هاء ، ياء)



نموونەی پیتی (شين) : ﴿عَشْرًا﴾ القصص: ٢٧

مـام ناوەنـدی (التوسط)

لە زمانەوانیدا : واتە مام ناوەندی


لــە زاراوەدا : بریتیــــە لــە ڕۆیشــتنی بەشــێکی دەنگەکـــە لــە شــوێنی دەرچــوونی پــیتی مـام ناوەنـد بـە هـۆی تـەواوی دانـە خرانـی دەرچـەی پیتەکان ، پیتە مام ناوەندییەکان (التوسط) پێنج پیتن: (لِـنْ عُـمَـرْ)


مـام ناوەندی لە پیتی (لام) دا

بریتیە لە ڕۆیشتنی بەشێکی دەنگەکە لە کاتی دەربڕینی پیتی (لام) بە هۆی ڕێگری پێشەوەی سەرپشتی زمان .

(إبن الجَزري) ڕەحمەتی خوای لێ بێ دەفەرموێ:

وَبَيْنَ رِخْوٍ وَالشَّدِيدِ : (لِنْ عُمَر) . . . . . .







دیمەنێکی ڕوون و بەرچاو لە کاتی

دەربڕینی پیتی (لام) لە دەمـدا

مام ناوەندی لە پیتی (راء)

بریتیە لە ڕۆیشتنی دەنگ لە کاتی دەربڕینی پیتی (راء) بە هۆی ڕێگری زۆرترین بەشی پێشەوەی سەر پشتی زمان (طرف اللسان) کەڕێگرە لە دەرچوونی دەنگی پیتی (راء)بەتەواوی.







دیمەنێکی روون بەرچاو لە دەربڕینی پیتی (راء) روون دەبێتەوە مانەوەی بۆشاییەکی کەم لە کۆتایی پێشەوەی سەرپشتی زمان (طرف اللسان) بەشێکی دەنگ لەو بۆشاییە تێدەپەڕێت.

مام ناوەندی لە پیتەکانی (نون) و (میم)


بریتیە : لە ڕۆیشتنی بەشێکی دەنگەکە بە دەربڕینی پیتی (نون) و (میم)دا بە هۆی کرانەوەی بەشی بۆشایی لووت (الخیشوم) لە مینگەدا و داخرانی بەشێکی دەم لە هەردوو پیتدا وەك چۆن لەم دوو وێنەیەدا روون کراوەتەوە.





نموونە : ﴿فَأَتَمَّهُنَّ﴾ البقرة: ١٢٤ ﴿فَإِنَّ﴾ القصص: ٢٧ ﴿أَمْ لَهُمْ﴾ فاطر: ٤٠

مام ناوەندی لە پیتی (عین)



بریتیە لە ڕۆیشتنی بەشێکی دەنگەکە لە دەربڕینی پیتی (عین) بە هۆی گەرانەوەی زمانە بچکۆڵە بۆ دواوە.

نموونە : ﴿ لَآ أَعۡبُدُ مَا تَعۡبُدُونَ ﴾ الكافرون : ٢

بەرزی (الإستعلاء)

و

نزمی (الإستفال)

پیتەکانی زمانی عەرەبی
لە روو بەرزی و نزمی دەنگ

بەرز بوو
دەنگ بەرز دەبێتەوە بەرەو مەلاشووی سەرەوە لە دەربڕینی پیتەکانی بەرزی
(الإستعلاء)
(خُصَّ ضَغْطٍ قِظْ)

نزم بوو
دەنگ بەرز نابێتەوە بەرەو مەلاشووی سەرەوە لە دەربڕینی پیتەکانی نزمی
(الإستفال)
(ئەوەی ماوەتەوە لە پیتەکانی تر جگە لە پیتەکانی بەرزی)

بـــەرزی (الإستعلاء)

لە زمانەوانیدا : واتە بەرزی و بەرزکردنەوە٠

لە زاراوەدا : بریتییە لە بەرز بوونەوەی ئەوپەڕی زمان[١] بەرەو رووی مەلاشووی سەرەوە لە دەربڕینی پیتەکانی بەرزی ، پیتەکانی بەرزی کۆ کراوەتەوە لە (خُصَّ ضَغْطٍ قِظْ) .

وەك (إبن الجَزري) دەفەرمویٚ :

.... وَسَبْعُ عُلْوٍ: (خُصَّ ضَغْطٍ قِظْ)حَصَرْ

نـزمی (الإستفال)

لە زمانەوانیدا : واتە نزمی و دابەزین٠

لە زاراوەدا : بریتییە لە دابەزینی دەنگ[٢] بەرەو خوارەوەی زمان لە دەربڕینی پیتەکانی (الإستفال)نزمی،پیتەکان کۆکراونەتەوە لەم رستەیەدا: (ثَبَتَ عِزُّ مَنْ يُجَوِّدْ حَرْفَه سَلَّ إذ شَكَا).

---

(١) لە پێناسەی بەرزی هەم دەنگ بەرز دەبێتەوە و هەم ئەوپەڕی زمانیش بەرز دەبێتەوە بەرەو رووی مەلاشووی سەرەوە ئەوەش لە بەر تەنگ بوونی قوڕگە و وەسەرکەوتنی دەنگی پیتەکەیە بۆ گۆممەتی مەلاشووی سەروو وەشایانی بەرز کردنەوەیە.

(٢) لە پێناسەی (الإستفال) هەم زمان دادەبەزی هەم دەنگ دادەبەزی بەرەو خوارەوەی دەم ، تەنها لە پیتی (واو) کۆتایی زمان بەرز دەبێتەوە بەڵام دەنگ بەرز نابێتەوە.

بۆچوون و رای زانایان لە پایەکانی قەڵەوکردن :

بۆچوونی یەکەم :

پایەکانی قەڵەوکردن لە لایەن (ابن الطحّان الاندلسي) سێ بەشە : بەم شێوەیە ریزبەندی کردووە (فتحة ، ضمة ، كسرة) بەڵام هەرچی پیتی (سکون)ە هیچ پایەیەکی نیە و تەنیایە ، بەڵکو پایەکەی دەگەڕێتەوە بۆ جولەی پیتەکەی پێش خۆی بەم شێوەی خوارەوە :

١- فتحة : ئەم جۆرە قەڵەو بوونەکەی بە هێزە وەك : ﴿ظَلَمَ﴾ البقرة : ٢٣١ وهەروەها لە پیتی (سکون) دار بەڵام پیتەکەی پێش خۆی (فتحة) بێت.

وەك : ﴿يَغْلِبْ﴾ النساء : ٧٤

٢- ضمة: ئەم جۆرە قەڵەوبوونە کەمترە لە جۆری یەکەم وەك : ﴿قُولُوٓاْ﴾ البقرة : ١٣٦ ، وهەروەها لە پیتی سکون دار بەڵام پیتەکەی پێش خۆی (ضمة) بێت.

وەك: ﴿يُصْرَفْ﴾ الانعام : ١٦

٣- كسرة : ئەم جۆرە لە هەردوو جۆرەکەی تر کەمترە وەك : ﴿خِزْيٌ﴾ البقرة : ٨٥ ، وهەروەها لە پیتی سکون دار بەڵام پیتەکەی پێش خۆی (كسرة) بێت.

وەك : ﴿إِطْعَامُ﴾ المائدة : ٨٩

بۆچوونی دووەم :

ئیمام (ابن جزري) ئەم ڕێچكەیەی دابەش كردووە بۆ پێنج پایە هەروەك لە كتێبەكەیدا بە ناوی (التمهيد) وای باس كردووە :

١- فتحة : پیتەكە خۆی (فتحة) بێت و(ئەلیف)ـی بە دوا هاتبێت.

وەك : ﴿خَٰلِدِينَ﴾ البقرة : ١٦٢

٢- فتحة : پیتەكە خۆی (فتحة) بێت وە(ئەلیف)ـی بە دوادا نەهاتبێت.

وەك: ﴿طَبَعَ﴾ النساء : ١٥٥

٣- ضمة: پیتەكە خۆی (ضمة) بێت ، وەك : ﴿خُذُواْ﴾ البقرة : ٦٣


٤- سكون : پیتەكە خۆی (سكون) بێت ، وەك : ﴿يَطْبَعُ﴾ الاعراف : ١٠١

٥- كسرة : پیتەكە خۆی (كسرة) بێت ، وەك : ﴿طِبَاقًا﴾ الملك : ٣


خشتەی پیت و پایەكانی قەڵەوكردن (التفخيم)

پیت	پیتەكە خۆی (فتحة) بێت ئەلیفی بەدواهاتبێت	پیتەكە (فتحة) بێت ئەلیفی بەدوا دانەهاتبێت	پیتەكە خۆی (ضمة) بێت	پیتەكە خۆی (سكون) بێت	پیتەكە خۆی (كسرة) بێت
الطاء	﴿طَآئِبِينَ﴾	﴿وَطَبَعَ﴾	﴿وَطُبِعَ﴾	﴿نَطْبَعُ﴾	﴿طِبْتُمْ﴾
الضاد	﴿ٱلضَّآلِّينَ﴾	﴿ضَرَبَ﴾	﴿فَضُرِبَ﴾	﴿تَجْرِي﴾	﴿ضِغْثًا﴾
الصاد	﴿ٱلصَّٰلِحِينَ﴾	﴿صَبَرَ﴾	﴿فَصُرْهُنَّ﴾	﴿أَصْبِرُوٓاْ﴾	﴿وَصِهْرًا﴾
الظاء	﴿ٱلظَّٰلِمِينَ﴾	﴿ظَلَمَهُمُ﴾	﴿لَظُلْمٌ﴾	﴿يَظْلِمُونَ﴾	﴿ظِلَٰلٍ﴾
القاف	﴿ٱلْقَادِرُ﴾	﴿لَقَدْ﴾	﴿قُدِرَ﴾	﴿لَا يَقْدِرُونَ﴾	﴿قَلْبِهِۦ﴾
الغين	﴿ٱلْغَٰفِلُونَ﴾	﴿وَغَرَّهُمْ﴾	﴿غُلِبَتِ﴾	﴿سَتُغْلَبُونَ﴾	﴿مِّنْ غِلٍّ﴾
الخاء	﴿ٱلْخَٰسِرُونَ﴾	﴿خَسِرَ﴾	﴿ٱلْخُسْرَانُ﴾	﴿يَخْلُقُ﴾	﴿خِفْتُمْ﴾

پیتە بەرزەکان و نزمەکان
لە شێوەی رووتێکردنی دەنگ



دەنگ بەرز دەبێتەوە بە پیتێکی بەرز بوو: ﴿وَٱللَّهُ يَقُولُ ٱلۡحَقَّ﴾ الأحزاب: ٤




دەنگ نزم دەبێتەوە بە پیتێکی نزم بوو: ﴿فَأَهۡلَكۡنَٰهُمۡ﴾ الشعراء: ١٣٩

قەڵەوی (التفخيم)
و باریك (ناسك) ی (الترقيق)

قەڵەوی (التفخيم)

لە زمانەوانیدا : گەورە کردن


لە زاراوەدا : بریتیە لە قەڵەویەك کە دەچێتە سەر پیت و دەم پڕ دەبێت بە دەنگ دانەوەی ، ئەوەش لە بەر تەنگ بوونی (قورگ) و سەرکەوتنی دەنگی پیتەکە بۆ گۆمەتی مەلاشووی سەروو ، کەئەمەش شایانیی پیتە (مستحق الحرف)، وەك لەم وێنەیەدا دەردەکەوێت.


پیتی قاف

نموونە : ﴿وَأَقْبَلَ﴾ الطور: ٢٥


باریکی - ناسك - (الترقيق)

ناسك کردن : بریتیە لە باریك کردنێك کە دەچێتە سەر پیت و دەم پڕ نابێت بە دەنگ دانەوەی، ئەوەش لە بەر تەنگ نەبوونی (قورگ) و سەرنەکەوتنی دەنگی پیتەکەیە بۆ گۆمەتی مەلاشووی سەروو ، کەئەمەش شایانیی پیتە(مستحق الحرف)، وەك لەم وێنەیەدا دەردەکەوێت ،نموونە: ﴿أَكْثَرَهُمْ﴾ الطور: ٤٧


پیتی کاف


شێوەو وێنەی دەم بە دەربڕینی پیتی قەڵەو
بە هەر سێ جۆرە (حَرَكَة) جووڵەکانیانەوە

پیتی بزواو (متحرك): دەردەچێت بە دوورکەوتنەوەی نێوان دوو ئەندامی دەربڕیندا لە گەڵ دەرچوونی بنچینەی جووڵەی پیتە قەڵەوەکە نموونە : ﴿ قَالَ ﴾ لە دوای دەرچوونی پیتی (قاف) لە شوێنی دەرچوونی شێوەی زمان وەك لە وێنەکەدا دەردەکەوێت لە دەربڕینی (فتحة) هەمان وێنەی (ألف) دەردەکەوێت.




نموونە :

﴿يَقُولُ﴾ لە دوای دەرچوونی پیتی (قاف) لە شوێنی دەرچوونی شێوەی زمان وەك ئەم وێنەیە دەردەکەوێت لە دەربڕینی (ضمة) هەمان وێنەی پیتی (واو)ـە.




نموونە :

﴿قِيلَ﴾ هەمان وێنەی (ياء)ـی (اللين)ـە.




پیتەکانی زمانی عەرەبی




شێوه و وێنەی زمان

له دەربڕینی پیتی (ئەلیف)ـی قەڵەو باریك (ناسك)



ئەلیفی باریك (لاواز)



ئەلیفی قەڵەو

له گەڵ پیتی (ئەلیف)ـی قەڵەو ناوەڕاستی زمان چاڵ دەبێت و تەنگیەك له (قوڕگ) دروست دەبێت به پێچەوانەی پیتی (ئەلیف)ـی باریك (ناسك) نموونەی (ئەلیف)ـی قەڵەو :


﴿ ٱلطَّآمَّةُ ﴾ النازعات: ٣٤ ﴿ ٱلصَّآخَّةُ ﴾ عبس: ٣٣

نموونەی(ئەلیفی)ـی لاواز :


﴿ ٱلسَّمَآءُ ﴾ الفرقان: ٢٥ ﴿ يَشَآءُ ﴾ النور: ٤٦

شێوە و وێنەی زمان

لە دەربڕینی پیتی (لام)ـی قەڵەو و باریک (ناسك)



لامی باریك (لاواز)



لامی قەڵـەو

لە گەڵ پیتی (لام)ـی قەڵەو ناوەڕاستی زمان چاڵ دەبێت و تەنگیەك لە (قوڕگ)دروست دەبێت بە پێچەوانەی پیتی (لام)ـی باریك (ناسك) پیتی (لام) تەنها لە لامی (لفظ الجلالة) بە قەڵەوی دەخوێندرێتەوە (فتحة) یان (ضمة)ـی لە پێش هاتبێت:


﴿عَبۡدُ ٱللَّهِ﴾ مريم: ٣٠ ﴿وَٱللَّهُ﴾ المجادلة: ٦

نموونەی پیتی(لام) خوێندنەوەی بە ناسکی:


﴿لِلَّهِ﴾ الرعد: ٣٣

شێوە و وێنەی زمان

له دەربڕینی پیتی (راء)ـی قەڵەو و باریك (ناسك)



ڕای باریك (لاواز)



ڕای قەڵەو

لە گەڵ پیتی (راء)ی قەڵەو ناوەڕاستی زمان چاڵ دەبێت و تەنگیەك لە (قوڕگ) دروست دەبێت بە پێچەوانەی پیتی (راء)ی باریك (ناسك)
نموونەی خوێندنەوەی پیتی (راء) بە قەڵەوی:

﴿ ٱلرَّاجِفَةُ ﴾ النازعات: ٦

نموونەی خوێندنەوەی پیتی(راء)بە ناسکی:

﴿ ٱلرِّيَٰحَ ﴾ الحجر: ٢٢

پیتە داخراو و کراوەکان

پیتەکانی زمانی عەرەبی
لە رووی گیربوونی دەنگ لە نێوان زمان
و مەڵاشووی سەروو

داخران

لە زمانەوانیدا(الإطباق): پێوەنووسان.


لە زاراوەدا : گیربوونی دەنگ لە کاتی دەربڕینی پیتەکانی (الإطباق) لە نێوان زمان و مەڵاشووی سەروو، وەپیتەکانی بریتین یە لە: (وَصَادُ ضَادٌ طَاءُ ظَاءٌ : مُطْبَقَـهْ) صاد ، ضاد ، طاء ، ظاء)

کـرانەوە

لە زمانەوانیدا(الإنفتاح): کراوە.

لە زاراوەدا:دەنگ گیر نابێت لە کاتی دەربڕینی پیتەکانی (الإنفتاح) لە نێوان زمان و مەڵاشووی سەروو، وەپیتەکانی ئەو پیتانەن کە ماونەتەوە جگە لە پیتەکانی (الإطباق)٠

پیتی داخراو لە شێوەی گیر بوونی دەنگ



ظـــاء:


دەنگ گیر دەبێت لە پیتی داخراو لە نێوان زمان و مەلاشووی سەروو.

نموونە:


﴿ٱلظَّآنِّينَ﴾ الفتح: ٦ ﴿أَظۡفَرَكُمۡ﴾ الفتح: ٢٤

تێبینی / لە روانگەی سیفەتی پیتەکانی (الإطباق) پیتی (طاء) لە هەموویان بەهێزترە، پیتی (ظاء) لە هەموویان بێ هێزترە (لاوازە) ، مام ناوەندیش پیتەکانی (صاد ، ضاد) ن ، هەموو پیتەکانی(الإطباق) سیفەتی (الإستعلاء)یان هەیە ، بەڵام هەموو پیتەکانی (الإستعلاء) سیفەتی (الإطباق) یان نیە.

پیتی کراوە لە شێوەی دەنگ گیر بوون



بەرز و کراوە بۆ نموونە : قاف




نزم و کراوە بۆ نموونە : کاف

دەنگ گیر نابێت لە پیتی کراوە لە نێوان زمان و مەلاشووی سەروو

بەراوردێك لە نێوان

داخراو و كراوە و بەرز و نزمی (مستعل و مستفل)




ظـــاء

پیتی بەرزی داخراو

نموونە:

﴿ٱلظَّـٰلِمِينَ﴾ الأنبياء: ٢٩




قـاف

پیتی بەرزی كراوە

نموونە:

﴿يَقۡذِفُ﴾ سبأ: ٤٨



كـاف

پیتی نزمی كراوە

نموونە:

﴿يُدۡرِككُّمُ﴾ النساء: ٧٨

زمان تیژی (زمان پاراوی) (الإذلاق) :

له رووی زمانەوانی یەوه :

واتــا زمــان تیــژی و پــاراوی • ووشــەی (الاذلاق) بــه تــەنیا واتــا دەورووبەری یاخود لێواری.

له رووی زاراوەوه :

خێرایی و ئاسانی دەربڕینی پیتەکه له کاتی دەرچوونی له دەورووبەری زمان و لێوەکان ، و پیتەکانی زمان تیـژی بریتیـه لـه (فاء ، راء ، میم ، نون ، لام ، باء).

وەك (إبـن الجــزري) رەحمەتی خوای لێ بێت دەفەرموێ:

.... وَ(فَرَّ مِنْ لُبِّ) : الحُرُوفِ المُذْلَقَهْ.

هۆی ناونانی بەم ناوه :

وای پێـی دەوترێـت چـونکه بـه ئاسـانی و خێرایـی لـه لێـواری زمـان دەردەچێت وەك (لام ، نـون ، راء) و هەنـدێکیان لـه لێـواری لێوەکـان دەردەچێت وەك (بـاء ، فـاء ، مـیم) بۆیـه دەبـێ ئاگـاداربین لـه کـاتی دەربڕینـی چـونکه لەوانەیـه بەشـێك لـه پیتەکـه یـاخود لـه جووڵـه (حرکة)ی پیتەکه بزربێت.

الإصمات (قەدەغەبوون – بێ دەنگ بوون):

لە رووی زمانەوانی یەوە: قەدەغەبوون یاخود بێ دەنگ بوون لە قسەکردن هاتووە .

لە رووی زاراوەیی دا : واتا گرانی پیتەکە بە جۆرێك کە بە قورسی لە دەم دەردەچێت ، چونکە دوور لە لێواری زمان دەردەچێت یانیش لەبەرئەوەیە کە قەدەغەیە لە زمانی عەرەبی دا ئەو ووشانەی لە (٣) سێ پیت زیاتر پێکهاتوون ، هەموو پیتەکانیان پیتی (إصمات) قەدەفەبوون بن ، بۆیە هەر ووشەیەکی لەم جۆرە ، دەبێ پیتێك یان زیاتر لە پیتەکانی (إذلاق) زمان تیژی تێدابێت بۆ ئەوەی هاوسەنگی لە ووشەکەدا دروست بێت ، چونکە ئەگەر هەموو پیتەکانی پیتی (إصمات) بن ئەوە بە گرانی دەردەبڕرێت .

لەبەرئەوە ئەگەر هاتوو ووشەیەکت بینی کە بنچینەکەی لە چوار یان پێنج پیت پێك هاتبوو و هەمووی پیتی (قەدەغەبوون) بوو ئەوا ئەو ووشەیە ووشەیەکی بیانی یە وەك: (إسحاق) ، چونکە عەرەب حەز بە ئاسان دەربڕینی پیتەکان دەکەن بەڵام بۆ ئەو ووشانەی کە لە سێ پیت پێك هاتوون ئاسایی یە هەمووی پیتی قەدەغەکراو بێت چونکە لەزمانی عەرەبی هەیە, ئەو پیتانەی قەدەغەن بریتین لە هەموو پیتەکانی زمانی عەرەبی جگە لە پیتەکانی زمان تیژی ، هەندێ لە زانایان ئەم دوو سیفەتەیان (زمان تیژی ، قەدەغەبوون) لە ناو سیفەتەکانی تر نەکردووە وەك ئیمامی (شاطبي) فەرموویەتی چونکە پێی وایە هیچ کاریگەری لەسەر (دەنگ) نیە لە کاتی خوێندنەوە بەڵکو وای داناوە کە بەشێك بێت لە زانستی (صرف).

ئەو سیفەتانەی هاودژیان نی یە

یەکەم : فیــکە (الصفیر)

لە زمانەوانیدا : دەنگێکە لە دەنگی باڵندە دەچێت .

لە زاراوەدا : بریتی یە لە تیژی دەنگی پیت ، لەوەوە دروست دەبێت کە پیتەکە بە شوێنێکی تەنگدا دەڕوات.

پیتەکانیشی ئەمانەن:


(صـاد ، زای ، سین)

(إبـن الجــزري) ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەفەرموێ:

(صَفِيرُها صادٌ وزايٌ سِينُ ....)

تێبینی / پیتەکانی فیکە (الصفیر) بە دەنگی باڵندەکان دەچوێنن بەم شێوەیەی خوارەوە:

- پیتی (صاد) لە دەنگی قاز دەچێت.
- پیتی (زاي) لە دەنگی هەنگ دەچێت.
- پیتی (سین) لە دەنگی چۆلەکە و کوللە دەچێت.



نموونه : ﴿ وَٱلَّذِينَ يُمَسِّكُونَ بِٱلْكِتَٰبِ وَأَقَامُواْ ٱلصَّلَوٰةَ ﴾ الأعراف : ١٧٠

﴿ وَإِقَامِ ٱلصَّلَوٰةِ وَإِيتَآءِ ٱلزَّكَوٰةِ ﴾ النور : ٣٧

تێبینی / له روانگەی سیفەتی پیتەکانی (الصفیر) پیتی (صاد) له هەموویان بەهێزترە ، چونکە سیفەتی (الإستعلاء والاطباق)ی هەیە پیتی (سین) له هەموویان (لاواز) بێ هێزترە ، وه پیتی (زاي) مام ناوەندیە ، چونکە سیفەتی (الجهر)ی هەیە.

دووه‌م : له‌رینـه‌وه (القلقلة)

له زمانه‌وانیدا : (هـه‌ژان) و (له‌رینه‌وه) و (جـووڵه)


عه‌ره‌ب ده‌ڵێن : مه‌نجه‌ڵه‌که له سه‌ر ئاگر ده‌ستى کرد به جووڵه جوول.



له‌رینه‌وه له زاراوه‌دا : بریتیه له ده‌رچوونى پیتى هــه‌ژان (القلقلة) له بـارى زه‌نــه‌دار (ساکـن) به دوور که‌وتنه‌وه‌ى نێوان هه‌ردوو ئه‌ندامى ده‌ربڕین به بێ ئه‌وه‌ى هیچ جووله‌یه‌کى له گه‌ڵدا بێ له سێ جۆره‌کان (ضـمة ، کسـرة ، فتـحة)، وه‌پیتـه‌کانى پێنج پیتن کۆ کراونه‌تـه‌وه له ووشه‌ى:(قُطُب جَد).

وه‌ك (إبن الجَزري) ده‌فه‌رموێ :


(......................... قَلْقَلَةٌ : (قُطْبُ جَدٍّ) .....)



(باء)ـى هه‌ژانى زه‌نه‌دار (ساکن) ده‌رده‌چێت به دوورکه‌وتنه‌وه‌ى دوو لێوه‌کان به‌بێ دوورکه‌وتنه‌وه‌ى شه‌ویلاکى سه‌روو و خواروو.


بەراوردێك لە نێوان

پیتی (ساكن) و (القلقلة) و (متحرك)




(باء)ـی تێك هەڵكێشراوی زەنەدار (ساكن) بێ هەژان و جووڵاو دەردەچێت بە پێك كەوتنی دوو لێوەكان.

نموونە :﴿ ٱضۡرِب بِّعَصَاكَ ﴾ البقرة: ٦٠



(باء)ـی هەژانی زەنەدار (ساكن) دەردەچێت بە دووركەوتنەوەی دوو لێوەكان بە بێ دووركەوتنەوەی شەویلاكی سەرەروو خواروو .

نموونە :﴿ أَمۡ حَسِبۡتَ ﴾ الكهف: ٩



(باء)ـی جووڵاو و(فتحة) دەردەچێت بە دووركەوتنەوەی دوو لێوەكان و شەویلاكی سەرەروو خواروو.

نموونە: ﴿ بَلَىٰ ﴾ القيامة: ٤

هەژان (القلقلة) دابەش دەبێت بۆ سێ جۆر :

١- هەژانی بچووک (القلقلة الصغرى): ئەم جۆرەیان لەو کاتە دەبێت کە پیتی هەژان (قلقلة) لەناوەڕاستی ووشە بێت.

نموونە: ﴿ قَبۡلَهُمۡ ﴾ ق: ١٢ ،

بەلاّم بۆنموونە ئەگەر لەسەر ووشەی ﴿قَدۡ﴾لە ﴿قَدۡ جَآءَكُم ﴾ المائدة:١٥، وە لەسەر ووشەی﴿فَٱهۡبِطۡ﴾لە﴿ قَالَ فَٱهۡبِطۡ مِنۡهَا ﴾الأعراف : ١٣، نەوەستاین وەگەیاندمان بە ووشەی دوای خۆی ، بەهەمان شێوە هەژانی بچووکە.

وەك (إبن الجَزري) دەفەرموێ :

وَبَيِّنَنْ مُقَلْقَلاً إِنْ سَكَنَا   وَإِنْ يَكُنْ فِي الْوَقْفِ كَانَ أَبْيَنَا .

٢- هەژانی مامناوەندی (القلقلة المتوسط): ئەم جۆرەیان لەو کاتە دەبێت کە پیتی هەژان (قلقلة) لەکۆتایی ووشەدا بێت و بوەستی لە سەری بەلاّم پیتەکە شەدەدار نەبێت.

نموونە : ﴿أَمۡرٍ مَّرِيجٍ ﴾: ق: ٥ ، ﴿ مُّحِيطُۢ ﴾ البروج: ٢٠

٣- (القلقلة الكبرى) هەژانی گەورە : ئەم جۆرەیان لەو کاتە دەبێت کە پیتی هەژان (قلقلة) لە کۆتایی ووشەدا بێت بوەستی لە سەری وەپیتەکە توند و شەدەدار بێت .

نموونە :

﴿ وَتَبَّ ﴾ المسد:١ ، ﴿ ٱلۡحَقُّ ﴾ النبأ: ٣٩ ، ﴿ ٱلۡحَجُّ ﴾ البقرة: ١٩٧ ، ﴿ أَشَدَّ ﴾ البقرة: ٢٠٠

ئەو هەڵانەی روو دەدەن لە کاتی جێ بەجێ کردنی پیتەکانی هەژان (قلقلة) :

١- تێکەڵ کردنی دەنگی پیتەکە بە یەکێك لە سێ حەرەکەکان.

نموونە: ﴿لَقَدْ كَانَ﴾ يوسف:٧ ﴿تُبْتُمْ﴾ البقرة:٧٩ ﴿رِجْسًا﴾ التوبة:١٢٥

٢- کۆتایی هێنانی دەنگی پیتەکە بە هەمزە.

وەك : ﴿فَارْغَبْ﴾ الشرح: ٨ خوێندنەوەی بە هەڵە ﴿فَارْغَبء﴾

٣- درێژکردنەوەی دەنگی پیتەکە لە سنووری خۆی زیاتر.

وەك : ﴿أَحَدٌ﴾ الاخلاص: ١ ﴿مُّحِيطٌ﴾ البروج: ٢٠

٤- بڕینی دەنگی پیتی (قلقلة) بۆ پیتی دوای خۆی.

وەك : ﴿يَقْضِى﴾ يونس: ٩٣ ﴿يَدْخُلُونَ﴾ النساء: ١٢

جیاوازی نێوان زەنەدار (ساكن) و هەژان و بزواو

پیتەکە لە چ بارێکە؟	چۆنیەتی دەرچوونی	بە دەرچوون لە گەڵی
زەنەدار (ساكن)	بە لێکدان و بەریەك کەوتنی دوو ئەندامی دەربڕین	هیچ شتێکی بزواو لە گەڵی دەرناچێت
هەژان (القلقلة)	بە دوور کەوتنەوەی دوو ئەندامی دەربڕین	هیچ شتێکی بزواو لە گەڵی دەرناچێت
بزواوێك (حركة)	بە دوور کەوتنەوەی دوو ئەندامی دەربڕین	حەرەکەیەك (بزواندنێك)

سێیەم/ نـەرمی (اللیـن) :

لە زمانەوانیدا : نەرم و نیان

لە زاراوەدا : بریتی یە لەو سیفەتەی کە دەچێتە سەر (واو) (یاء)ـی نەرم کەخۆیان (ساکن)بن لە پێشیانە وە (فتحة) هاتبێت ، بە هۆی ڕۆیشتنیان لە شوێنی دەرچوونیان بەئاسانی ونەرم و نیانی ناونراوە بە (اللین) وەك (إبن الجزري) دەفەرموێ:

.... وَاللِّينُ

وَاوٌ وَيَاءٌ سُكِّنَا ، وَانْفَتَحَا قَبْلَهُمَا.............

نموونە : ﴿ قَوْمُ ﴾ القمر: ٣٣ ﴿ قُرَيْشٍ ﴾ قريش: ١ ﴿ ٱلْبَيْتِ ﴾ قريش: ٣

تێبینی

١- پیتی (واو) و (یاء)ـی نەرم (اللین) نابێت بە قەڵەوی بخوێندرێتەوە، بە هۆی هاتنی لە تەنیشت پیتی قەڵەو.

نموونە : ﴿ وَقَوْلِهِمْ ﴾ النساء : ٣٤ ﴿ خَيْرًا ﴾ الكهف : ٣٦

٢- نابێت (یاء) شوێنی دەرچوونی بشاردرێتەوە بە هۆی هاتنی (کسرة) لەپێشی.

نموونە : ﴿ لِيَعْلَمَ ﴾ المائدة: ٩٤ ، **نموونە:** ﴿ لِيُوَفِّيَهُمْ ﴾ فاطر: ٣٠

پێویستە جووڵە بە زمان و لێوەکان بکرێ لە (واو) و (یاء)ـی بزواو (متحرك).

چوارەم/ لادان و خوار بوونەوەی دەنگی پیتەکان (الإنحراف) :

لادان (الإنحراف) له زمانەوانیدا : واتە : لادان

لە زاراوەدا : بریتی یە لە لادانی دەنگی پیت لە بەر نەرۆیشتنی دەنگ بە تەواوی بەهۆی ڕێگری زمان لە ڕێگەیەوە کە پیتە کانی(لام) و (راء) لە خۆ دەگرێ.

چەند تێبینی یەك دەربارەی پیتی (لام ، راء)
کە لە نێو پەرتووکەکانی (تجوید) باس دەکرێ

بەچەند خاڵێکی کورت ئاماژە بە بۆچوونە جیاوازەکان دەکەین:

(الإنحراف) لادان سیفەتی (لازم)ـە و پەیوەستە بە پیتی (لام ، راء) کە لێیان جیا نابێتەوە[1]، هەروەکو ئیمامی (ابن الجزري) ڕەحمەتی خوای لێ بێ دەفەرموێ :

(.... والانحرافُ صُحِّحا في اللامِ وَالرّا................)

لادان لە پیتی (لام) لار دەبێتەوە بۆ ناوچەی پێشەوەی زمان (طرف اللسان) ،

---

(١) بڕوانە پەرتوکی: (التبيين في أحكام تلاوة الكتاب المبين) ، الشيخ عبداللطيف فايز ، لاپەڕە : ١٨٧ .

ولەپیتی (راء) دا لار دەبێتەوە بۆ سەر پشتی زمان کەمێك بەرەو رووی دەرچەی (لام) [1] ئەوە بۆچوونی (مَكيّ و سِبَويه) یە ، بۆ تێکەڵ کردنی پیتی (راء) بە (لام) بە کەسێك دەوترێت کە زمانی ناتەواو بێت و پیتی (راء) بە (لام)دەربرێت ، بۆیە دەوترێت: (يَجْعله الأَلْثَغُ لاَماً).

❖ (الإنحراف) بۆیە ناودەبردرێ بە (لادان) چونکە پیتەکانی(لام ، راء) لادەدەن لە پاش دەرچوونیان لە دەرچەی خۆیان بەرەو شوێنی دەرچەی پیتێکی تر.[2]

❖ (الإنحراف) لار بوونەوەی پیت پاش دەرچوونی بۆ پێشەوەی زمان (طرف اللسان) ئەوەش سیفەتی پیتی (لام ، راء)ـە بەم شێوەیە : پیتی (لام) لار دەبێتەوە بۆ پێشەوەی زمان (طرف اللسان) بۆ دەرچەی پیتی (نون) ، بەڵام پیتی (راء) لار دەبێتەوە بۆ سەر پشتی زمان بۆ دەرچەی پیتی (لام)[3] بەڵام بە بێ تێك هەڵکێشان (الادغام).

❖ (الإنحراف) لادان سیفەتی (لازم)ـە و پەیوەستە بە پیتی (لام ، راء) بە شێوەیەك زمان لار دەبێت بۆ شوێنی دەرچوونی پیتی (نون) [4] ، بەڵام بە بێ تێك هەڵکێشان (الادغام).

❖ هەندێك لەزانایان دەڵێن تەنها پیتی (لام) لادان (الإنحراف)ـی هەیە ، ئەمەش بۆچوون و رای (ابن الحاجب) و(الدّانيّ)یە [5]

---

(١) بڕوانە ئەو سەرچاوانە: (جداول أحكام التلاوة والتجويد/ مديحة صالح مهدي، لاپەرە: ١٥٤) (علم التجويد الغوثاني ، المستوى الثاني ، لاپەرە : ١٠٩ – ١١٠) (المنير في احكام التجويد ، لاپەرە : (١٣٦ – ١٣٧)

(٢) الجواهر الممضية على المقدمة الجزرية ، لاپەرە : ١٣٩

(٣) دليل الترتيل ، جمع وترتيب : محمد امين عثمان ، لاپەرە : ١٣٠

(٤) المذكرة في التجويد ، د. محمد نبهان بن حسين مصري ، لاپەرە : ٥٣

(٥) الجواهر المضية على المقدمة الجزرية ، لاپەرە:١٣٩

بۆچوونی پەسەند (القول الراجح)

لە لادانی پیتی (لام ، راء)*

ڕێژەی لادان لەپیتەکانی (لام) و (راء)

پیتەکانی (لام،راء) سیفەتی لادان یان هەیە، بەڵام پیتی (لام) لادانی زیاترە لە پیتی (راء)

لادانی(لام) و (راء) لەرووی (دەنگ)ـەوە

هـەردوو پیـت سیفەتی لادان یان هەیە لە دەنگ ، دەنگ لە پیتی (لام) لە ناوەڕاستی زمان لادە دات بۆهەردوو لاتەنیشتی زمان، بەڵام لە پیتی (راء) دەنگ لە لاتەنیشتەکانی زمان لادە دات بۆ ناوەراستی زمان.

لادانی(لام) و (راء) لەرووی (دەرچە) وە

هەردوو پیت سیفەتی لادان یان هەیە لە شوێنی دەرچونیان، پیتی (لام) لادەدات بۆ پێشەوەی زمان (طرف اللسان) بۆ دەرچەی پیتی (نون) ، بەڵام پیتی (راء) لادەدات بۆ سەر پشتی زمان کەمێك بۆ دەرچەی پیتی (لام) بەڵام بە بێ تێك هەڵکێشان


ئەوەی کە بەدواداچوونمان بۆکردوە ئەوەیە کە : رای پەسەند و دروست بریتی یە لەوەی کە لادان تەنهالە (دەنگ)ی ئەم دوو پیتە روونادات بەڵکو لە دەرچە (مخرج)یش روودەدات. *


---

*بڕوانە ئەو سەرچاوانە :

- التجوید المصور ، د.أیمن رشد سوید ، لاپەرە :١٩٤ – ١٩٩ (کە ئێمە زیاتر سوودمان لەو سەرچاوەیە وەرگرتووە)
- تیسر الرحمن في التجوید القران، لاپەرە : ١٠٣
- أحکام قراءة القران الکریم, تألیف الشیخ محمود خلیل الحصري، لاپەڕە ٧٣
- دلیل الترتیل ، جمع وترتیب : محمد أمین عثمان ، لاپەرە ١٣٠.
- المختصر الوافي من هدایة القاريء الی تجوید کلام الباريء ، لاپەرە ١٤٨
- تعلیم القاري ،الشیخ محمد البارودي ، لاپەرە ٧٦

لادانی دەنگی پیتی (لام)







دیمەنێکی روون و بەرچاوی زمان

لە کاتی دەربڕینی پیتی (لام)

نموونە : ﴿أَنزَلْنَا﴾ الأنفال: ٤١

لادانی دەنگی پیتی (لام)






لادانی دەنگی پیتی (لام)


دەبێت بۆ هەردوولای تەنیشتی زمان

سەرپشتی پێشەوەی زمان (طرف اللسان)

بە هۆی رێگری سەری زمان لە دەرچوونی

لادانی دەنگی پیتی (راء)







دیمەنێکی روون و بەرچاوی زمان

لە کاتی دەربڕینی پیتی (راء)

نموونە : ﴿ مُسْتَقَرٌّ ﴾ الأنعام: ٦٧

لادانی دەنگی پیتی (راء)






لە پیتی (راء) بە پێچەوانەوە

دەنگ لە هەردوو لای تەنیشتەکانی زمان

لادەدا بۆ ناوەڕاستی پێشەوەی سەری زمان

بەراوردێك لە نێوان لادانی دەنگی (لام) و (راء)



پێنجەم/ دووبارە بوونەوە (التكرير):

لە زمانەوانیدا : دووبارە بوونەوە


لە زاراوەدا: بریتیە لە لەرانەوەی پێشەوەی سەرپشتی زمان (طرف اللسان) لە دەربڕینی پیتی (راء) بە لەرانەوەیەكی شاراوە لەئەنجامی تەنگی شوێنی دەرچوونی پیتی (راء)، پێویستە قورئان خوێن وریا بێت زیادەڕۆیی نەكات لە دووبارە بوونەوەی سەری زمان لە پێكەوتنی بە پدوو لە جارێك زیاتر كە دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی زیاتر لە (راء)یێك ، ئەگەر سەیری سیفەتەكانی پیتی (لام ، راء) بكەین وەك یەكن تەنها بە سیفەتی (التكرير) لێك جیا دەكرێنەوە هەروەكو ئیمامی (ابن الجزري) رەحمەتی خوای لێ بی دەفەرموێ:

(فِي اللاَّمِ وَالرَّا وَبِتَكْرِيرٍ جُعِلْ ....)

اللام	الجهر	توسط	الإستفال	الإنفتاح	الإذلاق	الإنحراف	
الراء	الجهر	توسط	الإستفال	الإنفتاح	الإذلاق	الإنحراف	التكرير

شەشەم/ بڵاوبوونەوە (التفشي):

لە زمانەوانیدا : بڵاوبوونەوە




لە زاراوەدا : بریتیە لە بڵاوبوونەوەی دەنگی (شین) لەشوێنی دەرچوونی تاکو بەرناوەوەی ددانەکانی سەروو و خواروو دەکەوێت. نموونە : ﴿ٱلرُّشۡدِ﴾ الجن: ٢

وَلِلتَّفَشِّي : الشِّيْنُ........

حەوتەم/ درێژبوونەوە (الإستطالة):

لە زمانەوانیدا : درێژبوونەوە

لە زاراوەدا : بریتیە لە پاڵ نانی زمان لە کاتی دەربڕینی پیتی (ضاد) لە کۆتایی دەمەوە تا پێشەوەی دەم هەتا سەری زمان دەنوسێ بە ڕەگی دوو ددانی پێشەوەی سەروو ئەوەش لە ژێر کار تێکردنی ئەو هەوا پاڵنراوەیە کە لە لای دواوەی زمانەوە دێت ، نموونە : ﴿فَضۡلِهِۦ﴾ الجاثية: ١٢ ﴿بَعۡضٍ﴾ الجاثية: ١٩






ناوچەی نووسانی زمان بە بێ پاڵە پەستۆ


ناوچەی نووسانی زمان لە کاتی فشار و پاڵ کەوتن

(.....ضَاداً : اسْتَطِلْ)

مینگە لە کاتی بوونی بە سیفەت




نون




میم


مینگە : بریتی یە لە سیفەتی (نون و میم)ی زەنەدار (ساكن) و بزواو (متحرك) و لە هەر بارێك بێت ئاشكرا (الاظهار) یان تێكهەڵكێشراو (الادغام) یان شاراوە بێ (الاخفاء) بەڵام ماوەی درێژكرنەوەیان جیاوازە بە پێی كاتەكانیان هەروەكو لە (ئاستی یەكەم) باسمان كرد پلەكانی مینگە (غنة).

نموونە : ﴿فَمِنۡهُم مَّن يَقُولُ أَيُّكُمۡ زَادَتۡهُ هَٰذِهِۦٓ إِيمَٰنٗا﴾ التوبة: ١٢٤



نموونە : ﴿مَا مِن شَفِيعٍ إِلَّا مِنۢ بَعۡدِ إِذۡنِهِۦ﴾ يونس: ٣





صفات الحروف
سیفەتی پیتەکان
لها ضد
هاو دژەکان
لا ضد لها
بێ هاو دژەکان
الجَهر
ئاشکرا کردن
الهَمس
چرپە
الشدَة
توندی
البينية
مام ناوەند
الرخاوة
خاوی
الإستعلاء
بەرز کردن
الإستفال
نزم کردن
الإطباق
پێوە نووسان
الإنفتاح
کرانەوە
الإذلاق
تیژی
الإصمات
بێ دەنگی
الصفير
فیکە
القلقلة
هەژان
اللين
نەرم
الإنحراف
لادان
التكرير
دووبارە بونەوە
التفشي
بڵاوبوونەوە
الإستطالة
درێژبوونەوە

دابەشكردنی سیفەتی پیتەكان لە شێوەی بەهێز و بێ هێز (لاواز)

سیفەتی بەهێز	سیفەتی مام ناوەندی	سیفەتی بێ هێز (لاواز)

(١) سیفەتە بەهێزەكان : ژمارەیان (یازدە) سیفەتە:

١- الجهر ٢- الشدة ٣- الإستعلاء

٤- الإطباق ٥- الصفير ٦- القلقلة

٧-الإنحراف ٨- التكرير ٩- التفشي

١٠- الإستطالة ١١- الغنة.

(٢) سیفەتی مام ناوەندی : ژمارەیان (سێ) سیفەتە :

١- الإذلاق ٢- الإصمات ٣- التوسط (البينة)

(٣) سیفەتی بێ هێز (لاواز) : ژمارەیان (شەش) سیفەتە:

١- الهَمس ٢- الرَّخاوة

٣- الإستفال ٤- الإنفتاح

٥- اللين ٦- الخَفاء

دابەشکردنی پیتەکان لە شێوەی بەهێز و بێ هێز (لاواز)



١- بەهێز : ئەو پیتانەی کە سیفەتی بەهێزیان زیاترە لە سیفەتی بێ هێز (لاواز) ، ژمارەی پیتەکان (هەشت)ـن:

(باء ، جيم ، دال ، راء ، صاد ، ضاد ، ظاء ، قاف).

٢- بەهێزترین : ئەو پیتەیە کە هەموو سیفەتەکانی بەهێزن کە تەنها (یەك) پیتە لە زمانی عەرەبی : (طاء)

٣- مام ناوەندی : ئەو پیتانەن کە سیفەتەکانیان یەکسانن لە ڕوانگەی بەهێزو بێ هێز (لاواز) ، ژمارەیان (پێنج) پیتە :

(همزة ، غين ، لام ، ميم ، نون).

٤- لاواز : ئەو پیتانەن کە سیفەتی لاوازیان زیاترە لە سیفەتی بەهێز ، ژمارەیان (دە) پیتە: (تاء ، خاء ، ذال ، زاي ، سين ، شين ، عين ، كاف ، واو ، ياء)ی نامەددی (اللين).

٥- لاوازترین : ئەو پیتانەن کە هەموو سیفەتەکانیان لاوازن : ژمارەیان (چوار) پیتە : (ثاء ، حاء ، فاء ، هاء).(*)

(*) (الف،واو،ياء) درێژکردنەوە: هەندێکیان ئەم سێ پیتەیان بە (لاواز) ئەژمارکردووە، بڕوانە خشتەی پەرتووکی (المنير في أحكام التجويد) ، وە هەندێکیان بە مام ناوەند ئەژماریان کردووە بڕوانە خشتەی پەرتووکی (الدقائق المحكمات في المخارج والصفات) ، هشام عبدالباري محمد راجح ، لاپەرە: (١٤٨).

(الشَّيْخُ السَّمَنُّودِيُّ) رەحمەتی خوای لێ بێ دەفەرموێ :

قَوِيُّ أَحْرُفِ الهِجَاءِ ضَادُ   بَا قَافُ جِيمٌ دَالُ ظَا رَا صَادُ
وَالطَّاءُ أقْوى والضَّعِيفُ سِينُ   ذَالٌ وَزايٌ تَا وَعَيْنٌ شِينُ
كَذَاكَ حَرْفَا اللِّينِ خَاءٌ كَافُهَا   وَالَمدُّ مَعْ (فَحَثَّهْ) أَضْعَفُهَا
وَالوَسْطُ هَمْزٌ غَيْنُ مَعْ لامٍ أَتَتْ   وَالمِيمِ وَالنُّونِ فَخَمْساً قُسِّمَتْ[1]

(إبن الجَزري) رەحمەتی خوای لێ بێ دەفەرموێ:

صِفَاتُها : جَهْرٌ وَ رِخْوٌ مُسْتَفِلْ   مُنْفَتِحٌ مُصْمَتَةٌ : وَالضِّـدَّ قُـلْ
مَهْمُوسُهَا : (فَحَثَّهُ شَخصٌ سَكَتْ)   شَدِيْدُهَا لَفْظُ : (أَجِدْ قَـطٍ بَكَتْ)
وَبَيْنَ رِخْوٍ والشَّدِيدِ: (لِـنْ عُمَر)   وَسَبْعُ عُلْوٍ: (خُصَّ ضَغْطٍ قِظْ)حَصَرْ
وَصَادُ ضَادٌ طَاءُ ظَـاءٌ : مُطْبَقَـهْ   وَ(فَرَّ مِنْ لُبِّ) : الحُرُوفِ المُذْلَقَـهْ
صَفِيـرُهَـا / صَـادٌ وَ زَايٌ سِيـنُ   قَلْـقَلَـةٌ : (قُطْـبُ جَـدٌ)وَاللِّينُ
وَاوٌ وَيَـاءٌ سُكِّنَـا ، وَانْفَتَحَا   قَبْلَهَمَـا ، وَالانْحِـرَافُ صُحِّحَا
فِي اللاَّمِ وَالرَّا ، وَبِتَكْرِيـرٍ جُـعِلْ   وَللتَّفَشِّي: الشِّيْنُ ضَاداً : اسْتَطِلْ

---

(١) بڕوانە پەرتووکی: (الدقائق المحكمات في المخارج والصفات) ، هشام عبدالباري محمد راجح : لاپەڕە (١٤٠ – ١٤١).

(٢) بڕوانە پەرتووکی: (الدرر البهية في التعريفات التجويدية) ، هشام عبدالباري : لاپەڕە (٥٨ – ٥٩).

خشتەی سیفەت و نازناو و پایەی پیتەکان

پیتەکان	سیفەتەکان (*)								پایەی پیتەکان
	١	٢	٣	٤	٥	٦	٧	نازناوی پیتەکان	
الهمزة	الجهر	الشدة	الإستفال	الإنفتاح	الإصمات			حلقي	مام ناوەند
الباء	الجهر	الشدة	الإستفال	الإنفتاح	الإذلاق	القلقلة		شفوي	بەهێز
التاء	الهمس	الشدة	الإستفال	الإنفتاح	الإصمات			نطعي	لاواز
الثاء	الهمس	الرخاوة	الإستفال	الإنفتاح	الإصمات			لثوي	لاوازترین
الجيم	الجهر	الشدة	الإستفال	الإنفتاح	الإصمات	القلقلة		شجري	بەهێز
الحاء	الهمس	الرخاوة	الإستفال	الإنفتاح	الإصمات			حلقي	لاوازترین
الخاء	الهمس	الرخاوة	الإستعلاء	الإنفتاح	الإصمات			حلقي	لاواز
الدال	الجهر	الشدة	الإستفال	الإنفتاح	الإصمات	القلقلة		نطعي	بەهێز
الذال	الجهر	الرخاوة	الإستفال	الإنفتاح	الإصمات			لثوي	لاواز
الراء	الجهر	توسط	الإستفال	الإنفتاح	الإذلاق	الإنحراف	التكرير	ذلقي	بەهێز
الزاي	الجهر	الرخاوة	الإستفال	الإنفتاح	الإصمات	الصفير		أسلي	لاواز
السين	الهمس	الرخاوة	الإستفال	الإنفتاح	الإصمات	الصفير		أسلي	لاواز
الشين	الهمس	الرخاوة	الإستفال	الإنفتاح	الإصمات	التفشي		شجري	لاواز
الصاد	الهمس	الرخاوة	الإستعلاء	الإطباق	الإصمات	الصفير		اسلي	بەهێز
الضاد	الجهر	الرخاوة	الإستعلاء	الإطباق	الإصمات	الإستطالة		لا لقب له	بەهێز
الطاء	الجهر	الشدة	الإستعلاء	الإطباق	الإصمات	القلقلة		نطعي	بەهێزترین
الظاء	الجهر	الرخاوة	الإستعلاء	الإطباق	الإصمات			لثوي	بەهێز

پیتەکان	سیفەتەکان						نازناوی پیتەکان	پایەی پیتەکان
	١	٢	٣	٤	٥	٦		
العين	الجهر	التوسط	الإستفال	الإنفتاح	الإصمات		حلقي	لاواز
الغين	الجهر	الرخاوة	الإستعلاء	الإنفتاح	الإصمات		حلقي	مام ناوەند
الفاء	الهمس	الرخاوة	الإستفال	الإنفتاح	الإذلاق		شفوي	لاوازترین
القاف	الجهر	الشدة	الإستعلاء	الإنفتاح	الإصمات	القلقلة	لهوي	بەهێز
الكاف	الهمس	الشدة	الإستفال	الإنفتاح	الإصمات		لهوي	لاواز
اللام	الجهر	التوسط	الإستفال	الإنفتاح	الإذلاق	الإنحراف	ذلقي	مام ناوەند
الميم	الجهر	التوسط	الإستفال	الإنفتاح	الإذلاق	الغنّة	شفوي	مام ناوەند
النون	الجهر	التوسط	الإستفال	الإنفتاح	الإذلاق	الغنّة	ذلقي	مام ناوەند
الهاء	الهمس	الرخاوة	الإستفال	الإنفتاح	الإصمات	الخفاء	حلقي	لاوازترین
(الف) مدّ (بۆشایی)	الجهر	الرخاوة	الإستفال	الإنفتاح	الإصمات	الخفاء	جوفي	لاواز
(و ، ی) مدّ (بۆشایی)	الجهر	الرخاوة	الإستفال	الإنفتاح	الإصمات	الخفاء	جوفي	لاواز
(الواو)اللين	الجهر	الرخاوة	الإستفال	الإنفتاح	الإصمات	اللين	شفوي	لاواز
(ياء) اللين	الجهر	الرخاوة	الإستفال	الإنفتاح	الإصمات	اللين	شجري	لاواز

بۆ ئەم خشتەیە بڕوانە پەرتووکی: (الدقائق المحكمات في المخارج والصفات)، هشام عبدالباری محمد ، لاپەرە : (١٤٥ – ١٤٦ – ١٤٧ – ١٤٨) ، لە گەڵ پەرتووکی : (دليل الترتيل) ، محمد امين عثمان ، لاپەرە : (١٣٢ – ١٣٣) ، و پەرتوکی: (تيسير الرحمن في تجويد القران) ، لاپەرە : (١١٣ – ١١٤ – ١١٥) و پەرتوکی: (المنير في احكام التجويد) ، لاپەرە:(١٤٢)

تێبینی/

❖ بۆیە پیتەکانی (مدّ و لین) بە سیفەتی (لاواز)مان هێناوە چونکە سیفەتی (الجهر)یان هەیە, بۆیە پیتەکانی (قاء ، حاء ، ثاء ، هاء) مان بە سیفەتی (لاوازترین) هێناوە ، چونکە هیچ سیفەتێکی بەهێزیان نیە.

بەیارمەتی خوا ئاستی دووەم کۆتایی هات

لیستی سەرچاوەکان

ناوی کتێب	ناوی دانەر
أحكام قراءة القران الكريم.	الشيخ محمود خليل الحصرى.
الدقائق المحكمات في المخارج والصفات.	هشام عبدالباري محمد راجح.
الدُررُ البهية في التعريفات التجويدية .	هشام عبدالباري محمد راجح.
المُذكرة في التجويد .	د. محمد نبهان بن حسين مصري.
الفرائد الحسان في تجويد القران	محمد نور بن عبدالحفيظ سويد
الجواهر المضية على المقدمة الجزرية.	سيف الدين بن عطاء الله الفضالي المصري البصير.
المختصر الوافي من هداية القاري الى تجويد كلام الباري.	الشيخ عبدالفتاح المرصفي.
التبيين في أحكام تلاوة الكتاب المبين.	الشيخ عبداللطيف فايز دريان.
الشرح الوجيز على المقدمة الجزرية.	الدكتور غانم قدوري الحمد.
الشرح العصري على مقدمة ابن الجزري.	محمد بن محمود حوا.
الواضح في أحكام التجويد.	الدكتور محمد عصام مقلح القضاة.
المنير في أحكام التجويد.	جمعية المحافظة على القران الكريم.
التجويد المصور.	الدكتور أيمن رشدي سويد.
بغية المريد من أحكام التجويد •	الدكتورالمهدى محمد يوسف الحرازى •
تيسير علم التجويد.	الشيخ أحمد بن أحمد محمد عبدالله الطويل.
تيسير الرحمن في تجويد القرآن.	د. سعاد عبدالحميد.
تعليم القاري	الشيخ محمد البارودي

جامع شروح المقدمة الجزرية في علم التجويد. شرح أصحاب الفضيلة: (خالدالازهري ، زكرياالانصاري)	الشيخ محمد بن محمد بن محمد بن علي بن يوسف أبن الجزري.
جداول أحكام التلاوة والتجويد.	مديحة صالح مهدي .
حلية التلاوة في تجويد القرآن.	د. رحاب محمد مفيد شققي.
علم التجويد أحكام نظرية .. وملاحظات تطبيقية.	الدكتور يحيى عبدالرزاق الغوثاني.

خوێنەری بەڕێز :

- سوپاس و ستایش بۆ خوای پەروەردگار کە یارمەتی داین بۆ ئامادەکردنی ئەم پەرتووکە بۆ ئەوەی زیاتر فێرخواز ئاشنایی لەگەڵ زانستی (تجوید) دروست بکات و بە شێوەیەکی ئاسان تێی بگات.

- ناکرێ و نابێ قورئانی پیرۆز بە ویست و ئارەزووی خۆمان بیخوێنینەوە ، بەڵکو خوێندنەوەی قورئانی پیرۆز تایبەتمەندی خۆی هەیە.

- تاکە زانستە لەرووی کرداری کە فێرخواز بە بێ بوونی مامۆستا جوان فێری نابێت چونکە زانستی (تجوید) لە هەموو زانستەکانی تر جیایە ، بۆیە فێربوونی پێویستی بە مامۆستای شارەزا ولێزان هەیە.

- هیوادارین مامۆستایان و فێرخوازانی بەرێز نزای بەخێرمان بۆ بکەن و وە لە تێبینی بەسود بێ بەشمان نەکەن بەهیوای سودبۆهەمولایەك.

دەزگای رۆشنبیری نووری حیکمەت
NCO
2007 1428
مؤسسة نور الحكمة الثقافية

چاپی یەکەم

١٤٣٥ - ٢٠١٤